# بۆکان، شوێنەوارێکی میترایی و
# یادگارێکی ژن - خودای "ئاناهیتا"

ئەنوەرسوڵتانی

نەورۆزی ١٣٩٥ ی هەتاوی و ٢٠١٦ ی زایینی

**ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان**

www.rojhalat.de

www.bokan.de



*ئەم وێنەیە، کاری هونەریی ڕێزدار 'عوسمان موبارەکی'یە و لە بەرگی دووهەمی کتێبی مامۆستا ڕەحمان محەممەدیان (بۆکان لە سەدەی بیستەمدا، بەرگی دووهەم) وەرگیراوە. بە داخەوە خاوەنی وێنەکانی دیکی ناو لاپەڕەکانی دیکەم نەناسی کە برای بەڕێزم کاک نادر فەتحی لە ئاڕشیوی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات-بۆکان بۆی ناردووم. هەرئەویش زەحمەتی ڕێک وپێک کردنی لاپەڕەکانی وتارەکەی گرتە ئەستۆ؛ پڕبەدڵ سپاسی دەکەم.*

## پێرست

کورتەی بابەت.......................................................4
یەکەم، مێژووی کۆنی شار و ناوچەکە ..................................7
دووهەم، ناوی شارەکە ..............................................14
سێهەم، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی – ئایینیەکان لە بۆکان و ناوچەکە .........19
چوارەم، سەردەمە مێژووییەکان
سەردەمی ماد و  هەخامەنیشی.........................................42
سەردەمی ئەشکانی (٢٥٠ پ.ز – ٢٢٦ ز)..................................45
سەردەمی ساسانی (٢٢٤ -٦٥٢ ز)........................................49
پێنجەم، بۆچوونی مێژوو نووسان ......................................51
ئاورگەی شیز..........................................................53
ناوچەکە بەگشتی ......................................................58
شەشەم، ئاکام و کۆتایی ..............................................63

## کورتەی بابەت

قەڵای ناوەڕاستی شاری بۆکان، حەوزەگەورەی داوێنی قەڵا، 'خوڕێنک'ی خوارەوەتر، شوێنی ئێستای مزگەوتی جامیع بە پلیکانەکانیەوە بەرەو قەڵا، ژووری بەردینی سەر گۆلی مەردانبەگ و گۆڕستانی 'گڵەجانێ'، هەموو بە سەر یەکەوە هەڵگری ئەو تایبەتمەندیانەن کە دوو هەزار ساڵێک پێش ئێستا لە شوێنەوارەکانی میترایی و پەرستگاکانی ژن- خودای ئاناهیتادا بەدی دەکران.

جگە لە ئاسەوارە فیزیکییەکان، لە لایەک خودی وشەی 'بۆکان' و پەیوەندییەکەی لەگەڵ خودای 'بەکە' یان 'بەغ' و لە لایەکیترمێژووی ڕووداوەکانی ناوچە و هەڵکەوتنی بۆکان لە بن گوێی ئاورگەی پادشایی 'شیز' و سەر ڕێگای نێوان شیز وسنوورەکانی ڕۆژئاوای ئێران - کە گۆڕەپانی گەلێک هێرشکاریی دەوڵەتانی ئاشور و یۆنان و ڕۆم بووە بۆ سەر حکوومەتی ماننا و ئورارتو تا ماد و ساسانی و شەڕ و پێکدادانی ناوخۆیی حکوومەتانی یەک لەدوای یەکی ئێران لە ناوچەکە، هەموو بە سەر یەکەوە بۆکان دەکەنە شوێنێکی تایبەتمەند کە پەیوەندیی نزیکی بە ئایینی میترایی و ژن- خودای ئاناهیتاوە بووە و کەوتۆتە ناوجەرگەی بەشێک لەو ڕووداوە مێژووییانەش؛ بەڵام بە داخەوە دوای هێرشی عەرەب بۆ سەر ناوچەکە لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا، زورێک لەو ئاسەوارانە شێوێنراون و تێکدراون، یان لە نموونەی مزگەوتی جامیعی ئێستادا، پەرستگا میتراییەکە شێوازی ئیسلامیی پێ دراوە.

ئەم وتارە، پوختەی کتێبێکە بە دەستی ئامادەکردنەوەیم. ئەرکی کتێبەکە ئەوەیە بەشێک لەو تەم ومژە بڕەوێنێت وا مێژوویەکی دێرینی ناوچەکەی داپۆشیوە و بە گوێرەی توانا، هەندێک ڕاستەقینەی شاراوە لە سینگی ئەو گەنجینە مێژووییە بهاوێتە دەرێ.

لە ڕاستیدا، بۆکان شوێنی ئەشکەوتێکی میتڕایی و پەرستگای ژن- خودای ئاناهیتا بووە و خەڵک لە شوێنی دوور ونزیکەوە هاتوونەتە زیارەتی. ئەو پەرستگایە دوای هێرشی عەرەب، کراوەتە مزگەوتی موسوڵمانان.

حەوزەگەورە و دوو جوگەلەئاوی لای باکوور و ڕۆژهەڵاتی حەوزەکە، خوڕێنکی لای ڕۆژئاوای بە دەنگی نەرمی خوڕەی ئاوەوە کە ئەو دەنگە نەرمەی ئاو بۆ ئیماندارانی ئایینی میترایی خاوەنی گرنگایەتی تایبەت بووە، هەروەها ڕیزە پلیکانێکی بەردچین، کە ڕاست لەبەر دەرگای پەرستگاکەوە دەگەیشتە سەر گردێکی تۆبرەڕێژ، و قەڵا و سەربازخانەی سەر ئەو گردە، کە بۆ پارێزگاری کردن لە عەمبار و گەنجینەی دیارییەکانی زیارەتکاران دروست کرابوو، دیزە وگۆزە و کەرەسەی دۆزراوە لە 'گڵەجانێ' ی داوێنی ڕۆژهەڵاتی قەڵا، و ژووری لە بەردتاشراوی سەر گۆلی مەردانبەگ کە ١٠٠ مەترێک لە حەوزەگەورەوە دوورە، هەموو بە سەر یەکەوە بەڵگە و نیشانەن بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە ئەوانە هەموو شوێنەواری مێژوویی سەردەمێکی کۆنی چەند هەزار ساڵەن و لەگەڵ ناوی شارەکە و ڕووداوە تۆمارکراوەکانی مێژوونووسانیشدا یەک دەگرنەوە.

واهەیە ژمارەی زۆری سەرچاوەکانی ناو ئەم وتارە خوێنەر جاڕز بکات. هۆکاری بوونیان لێرەدا ئەوەیە لێکۆڵینەوەکەی من بابەتی کتێبێکی پڕلاپەڕەیە کە هیوادارم بۆم تەواو بکرێت و بڵاوی بکەمەوە؛ لە کورت کردنەوەی بابەتەکەشدا نەدەکرا سەرچاوەکان وەلا بنێم و ڕاگەیاندنەکان، کە بەشێکی زۆریان تازەن و لە سەرچاوەی دیکەی پەیوەندیدار بە ناوچەکەدا نەبینراون، بێ بەڵگە و سەرچاوە بڵاو بکەمەوە. هەربۆیەش، لە پۆختەی کتێبەکەدا ئاماژەکان یەک لەدوای یەکتر هاتوون، بەڵام هەوڵ دەدەم زۆرێکیان بخەمە پەراوێزەوە بۆ ڕیفرەنسی ئەو خوێنەرانەی کە بۆ دیعایەکانی من خوازیاری بەڵگە و سەرچاوەن.

*****

ئیماندارانی ئایینی لەمێژینی 'میترایی' بۆ پیرۆز کردنی یادی ژن- خودای 'ئاناهیتا' کە ئیلاهەی ئاو و پاکی و بێ خەوشی بووە، بووک واتە کچی باکرەیان لە ڕۆژی مێردکردنیدا، بردۆتە سەر چاوگەیەکی ئاوی پاک وەک نیشانەی بێ خەوشی و پاکی.

بەشێک لە خەڵکی ناوچەی 'بۆکان' ناوی شارەکە دەبەنەوە سەر چەمکی 'بووک' و دەڵێن لە ڕابردوودا نەریتێك هەبووە کە بووکیان پێش ئەوەی

بچێته ماڵی زاوا، بردۆته سەر'حەوزەگەورە'ی ناوەراستی شار- حیکایەتێک کە من لە وتاری پێشووی خۆمدا سەبارەت بە بنەمای وشەی بۆکان،[1] دژی وەستابووم و ئێستا دەزانم لەو بە ڕواڵەت ئەفسانەیەدا هەندێک ڕاستی هەیە و پێداهەڵگوتنی شاعیران کورد بە 'شاری بووکان' دا، دوور لە بنەمایەکی مێژوویی و ئایینی نەبووە.[2] ئەرکی ئەم وتارە، بردنەوەی شوێنەوارە فیزیکییەکانە بۆ سەر بنەمای مێژووییان، هەڵسەنگاندنی ناوی شارەکە و پەیوەندیدانیان بە ڕووداوەکانی ناوچەوە.

---

[1] . بڕوانە، ئەنوەر سوڵتانی؛ "چەند تێبینییەک لە سەر ناوی شاری بۆکان"؛ گۆڤاری مامۆستای کورد؛ ژمارە ١٩، ساڵی ١٩٩٢ هەروەها ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات - بۆکان، بەشی نووسەران.http://bokan.de

[2] . شاری بۆکان وەکوو بووکان جوانە (هەژار)؛ بووکی شارانە شاری بۆکانی (حەقیقی)؛ شاری بۆکان بە ڕواڵەت بووکە (هەڵوەدا). وەرگیراو لە افخمی، ابراهیم؛ "تاریخ فرهنگ و ادب مکریان –بۆکان"، ناشر: مولف، چاپ: تبریز، ١٣٦٢ (؟)، صص ٨ تا ١٠.

## یەکەم، مێژووی کۆنی شار و ناوچەکە

کۆنترین دەوڵەتی یەکگرتووی ناسراوی ناوچەی موکریان، بە بۆکانەوە، دەوڵەتی 'ماننا'یە. مانناکان پێکهاتەیەک بوون لە یەکێتی هۆزەکانی لوللوبی و گۆتی. پێش سەرهەڵدانی مانناکان، لە نیوەی یەکەمی هەزارەی سێهەمی پێش زایێن بەدواوە، دەوڵەت –شاری ناوچەیی لوللوبی و گۆتی و کاسی (وەک چەند بەشێک لە "مەنزوومەی زاگرۆس"[3]) لە ڕۆژئاوای ئێران و سەرووی 'نێوچۆمان' پێکهاتبوون. ماننا خولْقاوی یەکگرتوویی دەوڵەت –شارەکانی ناوچەکە بوو و مەڵبەندێکی بەرینی گرتبووە خۆ، توانایەکی ئابووری ودەسەڵاتێکی سوپایی ئەوتۆشی هەبوو کە دەیتوانی لە بەرانبەر دوو دەوڵەتی زلهێزی ئەودەم- ئاشور و ئوراتووی دراوسێی ڕابوەستێت. ئەم یەکگرتووییە ئاکامی پێشکەوتی ئابووریی کۆمەڵگا و توانای سوپایی بۆ خۆڕاگری لە بەرانبەر دراوسێ بەهێزەکانی بوو.

مێژووی ماننا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییی هەزارەی دووهەم و سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایێن- ئەو سەردەمە گرنگەی کە دوای ماوەیەکی کەم، ئارییەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا هاتن و شەپۆلی یەکەمیان لەسنووری خاکی ماننا درا. خاکی ماننا کەم و زۆر هەموو موکریانی ئێستای دەگرتەوە و زیاد لەوە، هەموو ڕووپەڕی بەرینی نێوان ڕۆژهەڵاتی باشووری گۆلی ورمێ هەتا ڕۆژئاوای باشووری دەریاچەی کاسپیەن (خەزەر)، *"بە تایبەت نێوان شاری مەراغە تا سەقز و بۆکانی داگرتبوو"* [4]. ڕەحیم ڕەئیس نیا کە ئەو ڕستە کورتەی سەرەوەم لە زمان ئەوەوە هێناوە، فەسڵێکی دەوڵەمەندی کتێبەکەی خۆی بەناوی 'آدربایجان در سیر تاریخ' ی تەرخانی مێژوو و فەرهەنگی مانناکان کردووە (لل. ١٩٣ تا ٢٤٠) و تێیدا دەڵێ: *"دەوڵەتەکە لە سەرچاوەی ئاشورییدا وەک مونا،*

---

[3]. زاراوەیەکە بۆ ئەو قەومانە کەڵکی لێ وەردەگیرێت کە پێش هاتنی ئارییەکان بۆ ناوچە، لە دەورووپشتی زنجیرە چیای زاگرۆس دەژیان و لە ڕاستیدا بنەچەی کورد دەبێ ببرێتەوە سەر ئەوان نەک ئارییەکان کە گەلێک دواتر گەیشتوونەتە ناوچەکە.

[4] . ڕەئیس نیا، ڕەحیم، "آذربایجان در سیر تاریخ" ، ج. 1، ل. 194

*ماننا، ماننا‌س و له به‌ردنووسه ئورارتووییه‌کاندا وه‌ک مه‌نا و له [سه‌رچاوه‌ی] بابیلیدا وه‌ک میننی هاتووه.‌"* [5] ڕه‌ئیس نیا دوای ئه‌وه‌ی به‌ڵگه له چه‌ند سه‌رچاوه ده‌هێنێته‌وه، ده‌نووسێت: *"به‌م پێیه، ناوچه‌ی ده‌سه‌ڵاتدارییه‌تی ده‌وڵه‌تی ماننا، به سه‌رییه‌که‌وه، له‌گه‌ڵ خاکی ئه‌مڕۆی ئازه‌ربایجانی ئێراندا یه‌ک ده‌گرێته‌وه و ئه‌و ده‌وڵه‌ته یه‌که‌مین ده‌وڵه‌تی خاوه‌ن ئیعتیباری پێک هاتوو له سه‌ر ئه‌و وڵاته دێته هه‌ژمار."* [6]

ئاماژه‌ی ڕه‌ئیس نیا به 'خاکی ئازه‌ربایجان' به حیسابی ئه‌وه‌ی ناوچه‌ی موکریانیش له دابه‌شکردنی فه‌رمیی ناوچه‌کانی ئێرانی ئه‌مڕۆ و له سه‌رده‌مێکی کۆنتریشدا، به‌شێک له ئازه‌ربایجانی پێک هێناوه، ڕاسته و هه‌ڵه نییه. به‌ڵام به داخه‌وه نووسه‌ر له عه‌ینی کاتدا ده‌ست نیشانی په‌یوه‌نده‌کانی کورد و موکریان و بۆکان له‌گه‌ڵ ئه‌و ده‌وله‌ته و ئه‌و مێژووه ناکات و ئه‌وه‌ش لای که‌م له ڕوانگه‌ی ئێمه‌وه هه‌ڵه و نابه‌جێیه. له‌و سه‌رده‌مه و له سه‌رده‌می دواتر، واته کاتی هێرشی ئارییاییه‌کان و دامه‌زرانی حکوومه‌تی ماد له‌سه‌ر خۆڵه‌مێشی حکوومه‌تی ماننا‌ش، پێشینیانی کورد (لوللوبی، گۆتی و ماننا)، نیشته‌جێی ناوچه‌که بوون و هیچ به‌ڵگه‌یه‌کی مێژوویی به ده‌سته‌وه نییه ده‌ری بخات پێشینیانی کورد له سه‌رده‌می دوای ئه‌و مێژووه‌دا گه‌یشتبنه شوێنه‌که و به‌و حیسابه، ناوچه‌که هه‌تا بووه شوێنی ژیانی کورد و پێشینیانی له ناو قه‌ومه دێرینه‌کان بووه، جا که‌سێک به ڕێبازێکی سیاسیی تایبه‌ته‌وه بیسه‌لمێنێت یان نا، ڕاستییه‌که ناگۆڕرێت.[7]

---

[5]. هه‌مان، ل. ١٩٣

[6]. هه‌مان، ل. ١٩٦

[7]. ئه‌وه‌ی وا له‌م ساڵانه‌ی دواییدا هه‌ندێک حزبی ڕه‌گه‌زپه‌رستی تورک که خه‌تی فیکری له تورکیا و ئایدیۆلۆژیی پان تورکیسم وه‌رده‌گرن، کورد به 'میوان'ی شاری ورمێ و ناوچه‌که و کۆچبه‌ری تازه هاتوو ده‌قه‌بڵێنن، هه‌ڵوێستێکی سیاسییه و هیچ بنه‌مایه‌کی زانستی و مێژوویی نییه.

وەک پێشتر گوترا، دوژمنی گەورەی مانناکان دەوڵەتی ئاشوور[8] بوو. ئاشوورییەکان تەنیا لەنێوان سالانی ٨١٠ تا ٧٧٤ ی بپێش زایێن دا، بە لای کەمەوە چواردەجار هێرشیان کردە سەرخاکیماننا، هەزاران کەسیان بە کۆیلە بردن و سەدان پیشەساز و هونەرمەندیان لێ ڕاگواستنە شاری نەینەوای پێتەختی خۆیان. سارگۆنی دووهەم- شای ئاشور[9] تەنیا لە هێرشی ساڵی ٧١٤ ی پێش زاییندا ٣٨ 'دەوڵەت- شار'ی ناوچەی مانناى خاپوور کرد. ئورارتوییەکانیش[10] هیچ لە ئاشوور باشتر نەبوون، تەنیا 'ڕۆسای یەکەم'ــ شای ئورارتو[11]، ٢٢ قەڵا واتە ٢٢ شار و شارۆچکەی مانناى داگیرکرد. [12] هەموو شار-دەوڵەتەکانی مانناى وەك لافاو ڕامالی و داری بەسەر بەردەوە نەهێشت[13]. بەڵام دەوڵەتی ماننا سەرەڕای ئەوهەموو دڕەندەییە، هەرمایەوە و لە گرێژەنە نەچوو، تا ماوەیەك دواتر، کە مادەکان دەستیان بەسەر خاکەکەیاندا گرت و دەسەڵاتیان بڕینەوە.

بۆکان یەکێك بووە لە دەوڵەت ــشارەکانی ماننا و بەشێکی سەرەکی بووە لە یەکیەتی هۆزە مانناییەکان. پێتەختی مانناکان لە ناوچەی بۆکان بووە و ئێستا کەم وزۆر هەمووڵایەک لەسەر ئەوە کۆکن کە وێرانەکانی 'شاری ئیزیرتۆ' لە نزیک گوندی قەڵایچی شوێنەواری بەجێماوی پێتەختی مانناکان بێت. زووتر، لە سەدەی نۆزدەهەمدا کەسانی وەک ڕاولینسن' ئەفسەری

[8] . حکوومەتی هەزارساڵەی ئاشورییەکان لە میزۆپۆتامیا، سەرەتای لە دەوروبەری ١٨٠٠ ی پێش زایێن دامەزرا و لە ساڵی ٦٢٢ ی پێش زایێندا بە دەستی حکوومەتی ماد کۆتایی پێهات.
[9] . لە نێوان ساڵانی ٧١٦ تا ٧١٠ پ. ز دا حوکمی ئاشوری دەکرد.
[10] . حکوومەتێک، کە بە بنەچەکی ئەرمەنییەکانی ئەمڕۆ دەزانرێت و لە ساڵانی ١٥٠٠ تا ٦٠٠ ی پێش زایێنیدا لە ناوچەیەکی بەرینی ڕۆژئاوای وڵاتی مانناى (لە نێوان گۆلی ورمێ و گۆلی وان و ئەرمەنستان) دەسەڵاتدار بووە.
[11] . لە نێوان ساڵانی ٧٣٥ تا ٧١٤ ی پ. ز. دا حکوومەتی ئورارتوی کرد.
[12] دیاکۆنۆف دەنووسێت: *"سارگۆنی دووهەم لە ساڵی ٧١٣ پ. ز. لەشکرکێشانەکەی خۆی بۆ ناو خاکی ماد دەست پێکرد". بڕوانە،* ئا. م. دیاکۆنۆف، "تاریخ ماد"، ترجمە فارسی کریم کشاورز، انتشارات پیام، تهران، ٢٥٣٧ ی شاهنشاهی،، ل. ٢٠٦.
[13] . *"من کۆلکی ئاگرم خستە هەموو گوندەکانیانەوە و هەموو وڵاتەکەیانم کردە کۆگایەکی وێرانە و لەبیرچوو."* هەمان، ل. ٢٠٦.

سوپایی بریتانیا لە ئێران، گومانی ئەوەیان دەکرد کە هەمان ئەو ناوچەیە هەگمەتانەی پێتەختی مادەکان بوو بێت.

'گیرشمەن'، کەوناراناسی فەڕەنسی گەنجینەی گوندی زێویەی سەقز و کەرەسەی دۆزراوەی شوێنەکە وەک "هونەری جەواهێرسازیی ئاشوری و سەکایی" ناودەبات بەڵام لای وایە هونەری مانناکانیش لە بەرهەم هێنانیاندا دەوری بووە. [14] هەر لەو پێوەندییەدا، 'ئاندرێ گودار' دەڵێ: *"بنەمای زوربەی دەسکردەکانی هونەریی گەنجینەکەی سەقز [واتە زیویە]، هەمان ئەو ناوچەیەیە."* و دیاکۆنۆفیش ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێت [15] هەروەها قەڵای سەر گردی 'حەسەنلوو'ی نەغەدە بە قەڵایەکی مانناییی دەناسرێت[16] و لە ئەنجامدا کەرەسەی دۆزراوەی شوێنەکەش دەبێ وەک پیشاندەری هونەری مانناییی یان لای کەم، تێکەڵاوێک لە مانناییی و ئورارتویی دابنرێت.

ئەو ئاماژانە بە سەریەکەوە دەرخەری پێشکەوتی کۆمەڵگای مانناکانە وهەروەها ئەو ڕاستییە دەگەیێنێت کە <u>ناوچەی موکریان، بە بۆکانەوە، لە هەزارەی دووهەم و یەکەمی پێش زایین دا جەمسەرێکی گرنگی بەیەک گەیشتنەوەی هونەر و فەرهەنگی ماننا، ئاشور، ئورارتو و سەکاکان بووە.</u>

بەم پێیە، مێژووی ناسراوی شاری بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش حکوومەتی ماد، گەرچی لە سەردەمی ئەوان و ماوەیەکی زۆر دوای ئەوانیشدا، گرنگایەتییەکەی خۆی پاراست. بە قسەیەکی تر، بۆکان لە سەردەمێکدا کە هێشتا ئایینی تازە سەرهەڵداوی زەردەشتی لە ناوچەکەدا بڵاو نەبووبوەوە، ئاوەدان و شوێنی ژیانی خەڵک بووە.

---

[14] . گیرشمەن، *"ایران از آغاز تا اسلام"* ، ص. ۱۰۹؛ وەرگیراو لە کتێبی آذربایجان در سیر تاریخ، پێشتر، ل. ۲۱٦

[15] .بۆ هەردوکیان بڕوانە: ڕەئیس نیا، پێشتر، ل. ۲۱۹.

[16] . هەمان، ل. ۲۲۱.

درەنگتر، لە سەردەمی حکوومەتی مادەکانیشدا بۆکان بەشێك بوو لەئیمپراتۆرییەتەکەیان کە کەوتبووە ناوجەرگەی 'مادی بچووك'ەوە. قەڵای گوندی 'ئاغجەیوان' لە ڕۆژهەڵاتی شار، هەروەها شوێنەوارە بەردینەکانی 'سماقان' و قەڵای 'بی بی کەند' لە دەوروبەری شار، هەروەها ئەشکەوت یان ژوورێکی لە بەرد تاشراو لە سەر گۆلی مەردانبەگی بۆکان[17] ، قەبری فەرەوەرتیش- شای ماد(٦٣٣-٦٠٠ پ.ز.) لە فەقرەقای مەهاباد، کە تەنیا ٥٠ کیلۆمەتر کەوتۆتە ڕۆژئاوای بۆکانەوە و گەنجینەی زێویەی سەقز لە بن گوێێ شارەکە، هەموو بەڵگەن بۆ ئەو ناوجەرگایەتییەی بۆکان لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی ماننا و ئینجا مادەکاندا.

***

بەپێی سەرچاوەکان، زەردەشت لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایین، واتە لە دەوروبەری سەدەی شەشەمی پ.ز. دا بانگی بۆ ئایینی خۆی داوە.[18] مێژووی شار و ناوچەی بۆکان دەگەڕێتەوە بۆ گەلێک پێش ئەو سەردەمە، بەڵام بە داخەوە سیاسەت بە تایبەت لە سەدەی بیستەمدا هەموو سەدە و هەزارەی پێش هاتنی ئارياييەکانی لە سەر ڕووپەڕی مێژووی ناوچەکە سڕیوتەوە و بە تایبەت حکوومەتی پەهلەوی لە ئێران، ئەو مێژووە پڕشنگدارەی بە کلکی هەخامەنیشییەکانەوە بەستۆتەوە- وەک ئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی پێش 'شاهی شاهان' بوونی نەبووە و سەرەتای مێژووی

---

[17] . من بە منداڵی ئەو ژوورە یەکپارچە لە بەرد تاشراوەم بینیوە، کە ئاوی تێدا کۆببووەوە. تاقەیەکی تێدا دابین کرابوو کە ڕوخسارێکی ناسراوە بۆ ئەو ژوورە بەردینانە لە شوێنەکانی دیکەش و تایبەت بە دانانی چرا بووە بۆ ڕووناکی. ئەوەندەی بزانم ژوورەکە ئێستا کەوتۆتە ژێرخانی ماڵێکەوە لە سەر گۆلی مەردانبەگ نزیک حەوزە گەورە و سەری گیراوە. دواتر دەچمەوە سەر باسی ئەو ئەشکەوتە.

[18] . بۆ نموونە، بڕوانە: علی یف، اقرار؛ *"پادشاهی ماد"* ، ترجمه فارسی کامبیز میربهاء، ص. ٢٥. هەروەها ئەنسیکلۆپێدیای بریتانیکا، بەرگی ٨، مادەی میترائیسم. لە هەمان پەیوەندیدا ئا. م. دیاکۆنۆف نووسەری "مێژووی ماد" لە لاپەڕە ٣٨ تا ٥٦ ی مێژووەکەی خۆیدا (وەرگێراوی فارسی کەریم کەشاوەرز)، گەلێک بە وردی لەسەر پەیوەندییەکانی ئاوێستا بە گەلانی ناوچە و سەردەمەکەیانەوە دواوە و و هەمان هەزارەی یەکەمی پێش زایینی وەک سەردەمی سەرهەڵدانی زەردەشت و ئایینەکەی دەست نیشان کردووە.

ناوەچەکە بە کورشی هەخامەنیشی دەستی پێکردووە! لە ڕەوتی گرنگیدان بە ئارییەکاندا، ئوروپایی بە تایبەت ئاڵمانییەکان لە لایەک و میدیای یەکێک لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە لایەکی ترەوە[19]، دەوری سەرەکییان هەبوو و هەر ئەوان و دارەدەستەکانیان لە ناوخۆ، چ لە ئێران و چ لە سەرجەم ناوچەکە، هەوڵیاندا مێژووی پێش هاتنی ئارییەکان لە کتێبی دەرسیی قوتابخانەدا شوێنی نەبێت و کۆمەڵانی خەڵکیش، بە تایبەت توێژی خوێندەواری دەم لەپێش، بە ساکاری کەوتنە شوێن قسەکانیان و هەموو ئەو سەدە ە هەزارەیە بە ساکاریی سڕایەوە- وەک ئەوەی حکوومەتی ماد و هەخامەنشی لە ولاتیکی چۆڵ و هۆڵی بێ پێشینە و بێ مێژوودا سەریان هەڵدابێت یان لە ئاسمانەوە بەربووبێتنە خوارەوە و مێژووی پێش ئەوان، ئەفسانە و خەیاڵ بێت!

مخابن ئەو ئاوەی کە ئێرانییەکان بە فیتی لاوەکییەکان ڕشتیان، گەلێک لە نووسەر و مێژوونووسانی کوردیش پێیان لێ نا و لە ئەنجامدا *"ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین"* بوو بە مێژوو و نەک هەر مێژووش، بەڵکوو بە دروشم و تەنانەت سروودی نەتەوایەتیشمان! ئەو درۆ و تەزویرە ئاشکرایە لە هەموو ماوەی سەدەی بیستەمدا و تا ئەمڕۆش کە ١٦ ساڵ لە سەدەی بیست ویەکەم تێدەپەڕێت، درێژەی هەبووە [20] و شانازی کردن بە ئاری بوون و تەنانەت زەردەشتی بوون ئێستا بۆتە ویردی سەر زاری خەڵکی کورد و سەرلەنوێ ڕێکخراوە و ئاورگەی بۆ دروست کراوە[21]. کەسیش

---

[19] . نەمویست ناوی ئەو گەلە بهێنم، بۆ ئەوەی تاوانی ڕەگەزپەرستی و جیاوازیی ئایینی لە نووسراوەکەم نەدرێت. هەموو هەوڵم ئەوەیە بابەتەکە زانستی و بێ لایەن و بەبەڵگە بێت.

[20] . بەختەوەرانە کتێبی 'کورد کێیە' ی کاک سۆران حەمەڕەش کە لە ساڵی ٢٠١٣ دا بڵاو بووەوە، دژ بەو هەڵوێستە هەڵەیە وەستاوە و بەردێکی خستۆتە گۆمی وەستاوی مێژوونووسینی سەدساڵەی کوردەوە لە کوردستان و جووڵاندوویەتیەوە. بڕوانە:
حەمەڕەش، سۆران، *"کورد کێیە؟- مێژووی کورد و ڕەچەڵەکی زمانەکەی لە سەرەتای شارستانیەتەوە هەتاوەکو سەدەی دەیەمی زایێنی"* ، ناشر: نووسەر، لەندەن ٢٠١٣

[21] . دیارە هەڵبژاردنی ئایین لە هەرشێوەیەکی خۆیدا مافی تاکەکەسە و من بەو قسەیەم نامەوێت دژ بە خواستی کەسانێک بوەستم کە دەیانەوێت زەردەشتایەتی کۆن لە کوردستاندا نوێ بکەنەوە. بۆچوونی من تەنیا ئەوەیە کورد بۆچی مێژووی خۆی

نییە بڵێت ئەو خاکە لەمێژینەی ئێمە، پێش هاتنی ئارییەکان و پێش پێغەمبەرایەتی زەڕدەشتیش مێژوویەکی دوورودرێژی بووە و ئارییەکان قەومێک بوون کە وەک ئاشوری و ڕۆمی و عەرەب و مغول هێرشیان کردۆتە سەر خاکەکەمان و داگیریان کردووە.

بە کورتی، ڕاستەقینەی زەق و ئاشکرا ئەوەیە مێژووی ناوچەی ئێمە دەبێ بە چەند هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئارییەکان و ئەو ماوە بە دەستەقەسد لەبیرکراوە، دەبێ بە هیممەتی مێژوونووسانی شارەزا، زیندوو بکرێتەوە و بخرێتەوە ناو کتێبی دەرسیی منداڵان و لاوەکانمانەوە.

---

دەباتەوە سەر سەدە و ساڵانی حکوومەتی ماد و سەردەمی زەردەشت، هیچ بیرێک لە مێژووی پێش ئەوان ناکاتەوە؟

## دووهەم، ناوی شارەکە

وشەی 'بەغ' لە بیچمی جیاوازی وەک 'بەغە'/ 'بەغا'/ 'بەک' /'بەکە' /'بەکە' / 'بەگ' / 'بەگە' / 'بهەگە' / 'بهاگا' دا، ناوی خودای هەموو ئەوگەلانە بووە کە پێش سەرهەڵدانی ئایینی زەردەشت،[22] لە ناوچەیەکی بەرینی نیوان هیندستان و کوردستاندا ژیاون. ئاویستاناسی ئێرانی 'ئیبراهیم پووورداود' (١٢٦٤ تا ١٣٤٧ ی هەتاوی و ١٨٨٥ تا ١٩٦٨ ی ز)، لە سەرەتای کتێبی "یەشتەکان" دا[23] دەنووسێ: *"پێش پێغەمبەرایەتی زەردەشت، بە خوداوەند دەگوترا 'بەغ' وپاشانیش کە ئەمان [واتە زەردەشتییەکان] تاقە خودایان ناو نا 'ئاهورامزدا'، وشەی 'بەغ' لە واتای ئەسڵی و دێرینی خۆیدا مایەوە."* [24]

دیاکۆنۆف، نووسەری کتێبی 'مێژووی ماد' کاتێ لە بەردنووسی بێستوون[25] دەدوێت، لە باسی ئایینی مادی- موغیدا دەڵێ *" لە بەردە نووسە*

---

[22] . پێغەمبەری ئارییەکان و بناغەدانەری ئایینی مەزدیسنایی، کە ساڵ و سەردەمی ژیانی ڕوون نییە و دەگوترێت لە ساڵانی نێوان ١٢٠٠ تا ١٠٠٠ ی پێش زایێندا ژیابێت؛ پسپۆڕانی ئایینەکە هەندێک جار باس لە ساڵانی نێوان ٤٠٠٠ تا ٤٠٠ یان ٦٠٠٠ تا ٦٠٠ ی پێش زایینیش دەکەن بەڵام زیاتر و بەگشتی لە سەر ساڵانی 600 ی پێش زایێن ساغ دەبنەوە.

[23] . وەک بەشێک لە پێنج بەشی کتێبی ئاڤێستا

[24] . پورداود، ابراهیم؛ "یشت ها (١)"؛ گزارش پورداود؛ بەکوشش بهرام فره وشی؛ انتشارات دانشگاه تهران؛ چاپ سوم؛ تهران ١٣٥٦ [١٩٧٧].

[25] . بێستوون کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شاری کرماشان. بەردنووسی بێستوون گەورەترین بەردنووسی جیهانە کە تا ئێستا دۆزرابێتەوە. دەقەکە بە فەرمانی داریوشی یەکەم، شای هەخامەنیشی، لە سەرەتای هاتنە سەر حوکمیدا (٥٢٠ پ.ز) بە سێ زمان نووسراوە.(فارسی کۆن، عیلامی و بابیلی)، *"زمانی دووهەمی بەردنووسەکە، تا ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەم بە زمانی مادی دەزانرا بەڵام دواتر بە هەوڵی کەسانی وەک وێسترگارد، ڕاولینسن، دی سولی و نوریس، ڕەمزی زمانەکە کرایەوە و ئیتر بە عیلامیی تازە ناسرا"*. *بڕوانە.* علی اف، اقرار؛ پادشاهی ماد"، ترجمه کامبیز میربهاء، نشر ققنوس، تهران ١٣٨٨ [٢٠٠٩]، لل. ١١٨ و ١١٩. هاینتس لوشای کەوناراناسی ئاڵمانی سەبارەت بە وشەی بێستوون دەنووسێت: :بیستون (فارسی نوێ)، هەمان بهیستون (فارسی مام ناوندی)، بەگستانا (فارسی کۆن) و بەگیستانون (یۆنانی) یە. بڕوانە: کلایر، ولفرام و کالمایر، پتر؛ "بیستون- کاوشها و تحقیقات سالهای ١٩٦٣ تا

هەخامەنیشییەکاندا، 'بەگ' (بە گوێرەی ئاشورییەکان، 'بەگە')، واتای خوداوەندی بووە."هەر ئەو لە پەراوێزی وشەی بەگ – خودا دا دەنووسێت: "بڕوا وایە کە [پێش هەخامەنیشییەکان]، زاراوەی بەگا زیاتر بە ژن- خودای ئاناهیتا گوترابێت بەڵام لە بەردنووسە هەخامەنیشییەکاندا بە گشتی بۆ چەمکی خودا کەڵکی لێ وەرگیراوە". 26

خاتوو ماری بۆیس- گەورە پسپۆڕی ئایینی زەردەشتایەتی (٢٠٠٦ – ١٩٢٠)، لە بەرگی یەکەمی کتێبی گەلێک بابەتییانەی خۆی- "مێژووی زەردەشتایەتی"، دا دەنووسێت: "لە ڕیوایاتی پارتی و فارسی ناوەڕاستدا، ئەهورامەزدا کە زۆرجاران واتای 'بەغ' یان 'بەک' ی لێ وەرگیراوە، بە 'بەغا' ناودەبرێت. بۆی هەیە زەردەشتیانی ڕۆژئاوای ئێران ئەو چەشنە کەڵک وەرگرتنەیان بۆ بەرزترین خوداکان بەکار هێنابێت."27

ماری بۆیس لە درێژەدا دەنووسێت: "جەژنی پایزە، کە لە ڕۆژئاوای ئێران ناوی میترا و جەژنی میهرەگانی لێ نرابوو، لە ڕۆژهەڵاتی ئێران بە ناوی 'بەغا'وە پەیوەند دەدرا و جەژنی 'بەغاکان'ی پێدەگوترا. وەک دەبینین، خودای بەغا بۆ ئێرانییەکانی پێش زەردەشت خاوەنی پیرۆزایەتییەکی تایبەت بووە". 28

بۆیس هەروەها دەڵێ "جێی سەرسووڕمانە کە لە کتێبی پیرۆزی زەردەشتییەکاندا ناوی بەغ نەهاتووە، بەڵام ئەگەر ئەو ڕاستییە بگرینە بەرچاو کە چۆن 'بهاگا' ی ڤێدایی بە میتراوە پەیوەندیی هەبوو، 'بەغا' ی ئێرانیش لەگەڵ میترای زەردەشتیدا پەیوەندی نزیکی هەبوو، دوور نییە

---

١٩٦٧"، برگردان فرامرز نجد سمیعی، سازمان میراث فرهنگی و گردشگری، تهران ١٣٨٥ [٢٩٩٦]، وتاری هاینتس لوشای، ل. ١٦.

26 . ئا. م. دیاکۆنۆف، پێشتر، لل. ٣٤٣ و ١٥٩

27 Boyce, Mary; "A History of Zoroastrianism"
بڕوانە تەرجەمەی فارسی کتێبەکە: بویس، ماری؛ "تاریخ کیش زرتشت"، ترجمە همایون صنعتی زادە، جلد اول، چاپ دوم، انتشارات توس. تهران ١٣٧٦ [١٩٩٧]، پەراوێزی ژمارە ٢٤ لاپەڕە ٣١٢ و ١٣

28 . هەمان، لل. ٧٧ و ٧٨.

*هەر ئەو یەکبوونی ناوە لەگەڵ ناوی گشتی 'بەغ' کە پێش زەردەشت بە گشتی واتای خودای دەدایەوە، بووبێتە هۆکاری داکشان و فەوتانی ناوی خوداکە و دژایەتیکردنی زەردەشت لەگەڵ پەرستنی خودای جۆربەجۆر، ئەوەش زیاد لەوانی تر داوێنی 'بەغ' ی گرتبێتەوە."* 29

مێژوونووس، زمانەوان و زانای ناسراوی ئازەربایجانی 'ئەحمەد کەسرەوی'[30] زنجیرە وتارێکی لەسەر ناوی شار و گوندەکانی ئێران نووسیوە و هەرچەند ئاوڕی لە کوردستان نەداوەتەوە، بەڵام ئەو زانیارییانەی داویە بەدەستەوە، دەتوانن یاریدەری باسەکەی ئێمەش بن. کەسرەوی لە دوو وتاری جیاوازدا کە سەبارەت بە وشەی 'باکۆ'- پێتەختی ئازەربایجانی باکووری نووسیوە[31]، دەڵێ:

*"وشەگەلی 'باك' و 'بەك' و 'بەغ' لە زمانەکۆنەکانی ئێران وەك هەخامەنشی و پەهلەوی دا جگە لە واتای خودا، مانای پەرستنیشی هەبوە."* کەسرەوی دەنووسێ: *"وشەی 'باکۆ'، لەبنەڕەتدا 'باگاوان' یان 'باکاوان' بووە و لە سەردەمی ساسانیان و پێش ئەوانیشەوە، لە ئەرمەنستان، ئاران، ئازەربایجان و شوێنەکانی دیکەی ئێران، ئاواییگەلێك بەو ناوە هەبوون و لە هەموویاندا ئاگرێك ڕۆشن بووە... کەوابوو، باگوان یان باگاوان بەواتای شاری خودا یان شوێنی خودایە."* 32

کەسرەوی لە درێژەی باسەکەدا دەڵێ: *"ئەوەی ئەرمەنییەکان پاش قەبووڵکردنی ئایینی مەسیح 'بەك' یان بە 'بوت' مانا کردۆتەوە، یان مێژوو*

---

29. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٧٨.

30. سەید ئەحمەدی حوکماواری (کەسرەوی)، پارێزەر، مێژوونووس و ڕووناکبیری گەورەی ئازەربایجانی (١٣٢٤ – ١٢٦٩ ی هەتاوی) کە بە زمانی فارسی ٧٠ بەرگ کتێبی پڕناوەرۆکی نووسیوە. ڕێکخراوەی تیرۆریستیی 'فیدائیانی ئیسلام' لە تاران کەسرەوییان لە ٥٧ ساڵیدا لە ناو بینایەی دادگوستەری تاران بە گوللە و چەقۆ کوشت و ئەو گەنجینە گەورەیەیان لە دەست مرۆڤایەتی دەرهێنا.

31. کسروی، احمد؛ "نامهای شهرها و دیه های ایران"

32. هەمان سەرچاوە

*نووسی عەرەبی دوای ئیسلام 'بەلعەمی' خۆی لەوە پاراستووە ناوی 'بەغداد' بنووسێ و لەجیاتییان، نازناوی 'دارالسلام' ی هێناوە، نیشان دەدات کە ئەم شارانە، شوێنی ئایینێکی کۆن بوون و پەیوەندییان بە ناوی 'بەك' و 'بەغ' ەوە هەبووە."* 33

'فێردیناند یوستی' کتێبێکی بە زمانی ئاڵمانی هەیە کە لە ڕاستیدا فەرهەنگی "ناوە ئێرانییەکان"ە و تایبەتە بە ناوە مێژوورییەکانی ئێران. گەرچی کتێبەکە لە تاران چاپکراوەتەوە، بەڵام بە هۆی ئاڵمانی بوونەوە نەمتوانی کەڵکی پێویست لە بۆچوون و ڕاگەیاندنەکانی یوستی سەبارەت بە بنەمای ناوەکان وەربگرم. لەگەڵ ئەوەشدا، سەیری پیتی /ب/ ی کتێبەکەم کرد و ئەم ناوانەم تێدا دۆزییەوە: بەگە (خودا، ئێزەد)، بەگەبارە، بەگەبارتوو، بەگەبازوو، بەگەبوخشا، بەگەداتە، بەگەدووشتە، بەغایوچ، بەگەکەرت، بەگەچیبرە، بەگەمەشتوو، بەغەلایوس، بەگەپارە، بەغەلاتوو، بەگەرات، بەگەس، بەگەوەرنە، بەغدادخاتوون، بەغداخوچ، بەغووش و.... 34

فەرهەنگی فارسی بە زمانی پەهلەوی دوکتۆر بەهرام فەرەهوەشی35 لە پیتی /ب/ دا ئەم ناوانەی هێناوە کە پەیوەندیان بە باسەکەی ئێمەوە هەیە: بەغ، بەگ، بەگان-دات، بەغانی، بەغدات، بەک-دات، ئەشتەت (بەغدوختی ڕاستی و دروستی)، سپەندارمەت (بەغدوختی زەوی). بەغ ڤەغاڤەند (بەغی خاوەن شکۆ).36

---

33 . هەمان

34 . Justi, Ferdinand Von; *"Iranisches Namenbuch"*

*نامنامه ایرانی*، تألیف فردیناند یوستی، با پیشگفتاری از دکتر علی اشرف صادقی، انتشارات اساطیر، تهران ۱۳۸۲ [۲۰۰۳].

35 . لە زمانی فارسیدا کارێکی کەم لەسەر ئەو زمانە و بەگشتی زمان و ئایینە کۆنەکان کراوە و ئەوەش کە هەیە زوربەی هەرە زۆری وەرگێڕاوی کاری ئوروپاییەکانە. تەنانەت دوکتۆر پەرویز ڕەجەبی لە کتێبی "هزارەهای گمشده" سەبارەت بەم فەرهەنگە دەڵێ "هەر نەنووسرایە باشتر بوو"

36. ورجاوند، دکتر بهرام؛ *"فرهنگ فارسی به پهلوی"* ، انتشارات دانشگاه تهران، چاپ دوم، ۱۳۵۸ [۱۹۷۹]، پیتی /ب/.

بە کورتی، دەبێ بڵێم لە مەسەلەی پەیوەندی ناوی ئێستای شاری بۆکان و خودای 'بەغ' یان 'بەک' ی پێش زەردەشتایەتییەوە دوو ئەگەری گونجاو هەیە:

1. وشەی 'بۆکان' ی ئێستا، سەرەتا بەغ + ان (= بەغان)؛ یا بەک + ان (= بەکان) بووە؛

2. وشەکە، لە بنەڕەتدا بەغ + کان (= بەغکان)؛ یا بەک + کان (= بەکان) بووە؛[37] ئینجا بە درێژەی ساڵ و سەدە و بە گوێرەی تایبەتمەندییەکانی زمانی کورد و کارتێکەریی زمانی گەلانی دیکەی ناوچەکە، وشەی بەغان یان بەغکان سواون و بوون بە 'بەکان' یان 'بۆکان' ی ئەمڕۆ.

[37] . ئەوەیان بە بە گوێرەی بۆچوونە گشتییەکەی ئەحمەدی کەسرەوی سەبارەت ئەو چەشنە ناوانەیە (بڕوانە پێشتر).

## سێهەم، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی – ئایینیەکان

## لە بۆکان و ناوچەکە

کورتەی باس: لە سەردەمەمی پێش دەرکەوتنی ئایینی زەردەشت و خودای ئەهورامەزدا- واتە ئەو سەردەمەی کە خودای گەورەی دانیشتوانی ناوچەکە خودای 'بەغ' بووە، 'میترائیسم' واتە 'ئایینی پەرستنی تیشکی هەتاو'، ئایینی زاڵی هەموو ناوچەکە، بە کوردستانیشەوە، بووە [38] لە ئەنسیکلۆپێدیای بریتانیکا دا سەبارەت بە میترائیسم هاتووە: *"میثرا، خودای هەتاو، دادپەروەری، پەیمان و شەڕ بووە. لەو سەردەمەدا ئێرانییەکان ئایینی چەند خوداییان بوو و میثرا گرنگترینی خوداکان بوو. لە تەتەڵەیەکی سەدەی 15 ی پێش زاییندا کە پەیمانی ئاشتی نێوان دوو قەومی میتانی و هووریی تێدا نەخش کراوە، سوێند بە میثرا خوراوە." 39*

لەو سەرەمەدا دانیشتوانی شار وگوندەکانی ناوچە، ڕووگە و ئاورگەیان بۆ پەرستنی تیشکی هەتاو دروست کردوە، ڕێزگرتن لەئاگریش نەریتێك بووە کە لە ئایینی میتراییەوە بۆ زەردەشتییەکان ماوەتەوە. خودای 'ئاناهیتا' ش وەک 'ژن- خودای ئاو' لە مێژووی کۆنی ناوچەکەدا خاوەنی ئاورگەی تایبەت بەخۆی بووە و هەندێک لە مێژوونووسان تەنانەت دەڵێن دیاردەی ئاگرپەرستی، بە ژن- خودای ئاناهیتاوە بەستراوەتەوە.

من بە یارمەتی هەندێک سەرچاوە و هەواڵی چەند مێژوونووس و لێکۆڵەری بوارەکە، باسێک لەمەڕ ئایینی میترایی (پەرستنی هەتاو یان تیشکی هەتاو) و پێگەی کۆمەڵایەتی ژنخودای ئەناهیتا لە ناوچەکە دادەمەزرێنم و سەرچاوەی زانیارییەکان ڕادەگەیێنم و بەراوردی تایبەتمەندییەکانی شاری بۆکان لەگەڵ ئەو زانیارییانەدا دەکەم، لە کۆتاییشدا

---

[38] . بڕوانە:

'Mithraism' in The New Encyclopaedia Britanica, Vo. 8

[39] . هەمان شوێن

ئاکامێک لەو هەڵسەنگاندنانەم وەردەگرم بۆ ئەوەی بتوانین بڕیارێکی کەم وزۆر بە متمانە لەسەر پێشینەی مێژوویی- ئایینی شارەکە و بنەمای وشەی 'بۆکان' بدەین.

## ١. میترائیسم

مرتضی راوندی لە کتێبی 'تاریخ اجتماعی ایرانیان' دا دەنووسێ: *"ئایینی ئێرانی لە سەردەمی کۆندا [سەردەمی پێش زەردەشتایەتی]، هەمان ئایینی ساکاری پەرستنی سروشت بوو، لە هیندستان و ئێراندا دوای ئاسمان، 'میهر' یان 'میترا'یان دەپەرست... کە خودای لەوەڕگەی بەرین بوو و ڕەوە مەڕ و گاڕانی دەبەخشییە ئەو کەسانەی وا خۆشی دەویستن... و سەر زنجیرەی بەغەکانیش، ئاسمان بوو.*[40] لە پەیوەندیی ئەو بۆچوونەی ڕاوەندیدا دەکرێت ئاماژە بە *قسەی 'گۆردن چایڵد' گەورە کۆمەڵناس و کەوناراناسی ئوسترالیایی بکرێت کە دەڵێ'، "ئامانجی مەزهەب لە ڕۆژهەڵاتدا دابین کردنی مادیات بوو و پەرستنی خودا بۆ ڕەزامەندیی ئەو نەبوو بەڵکوو بۆ بەرهەمی باش ، بارانی بەڕێ وجێ، سەرکەوتن لە شەڕ... و بە دەست هێنانی سامان و سەلامەتی بوو."* 41

پێگەی 'میهر' یان هەتاو لە مێژووی ناوچەکەدا: بۆچوونی گشتی لەمەڕ ئایینی میترایی واتە 'میهر پەرستی' ئەوەیە کە میترا خودای هەتاو بێت، وەک چۆن خودایەک بۆ مانگ و ئەستێرەکان هەبووە، هەتاویش خودای خۆی بووبێت، دیارە هەتاو (یان 'تیشکی هەتاو')یش لەپەیوەندی هەوا و گەرما و سەرما و باراندا بوون کە شوێنیان لەسەر کاری کشتوکاڵ و پیتی

---

40 . راوندی، مرتضی؛ *"تاریخ اجتماعی ایران"* ، جلد اول، چاپ امیرکبیر، تهران، ١٣٥٦ [١٩٧٧]، ل. ٧٢. هەر لە پەیوەندیی بۆچوونی ڕاوەندیدا دەبێ بگوترێت *بە وتەی 'گۆردن چایڵد'، "ئامانجی مەزهەب لە ڕۆژهەڵاتدا دابین کردنی مادیات بوو و پەرستنی خودا بۆ ڕەزامەندیی ئەو نەبوو بەڵکوو بۆ بەرهەمی باش ، بارانی بەڕێ وجێ، سەرکەوتن لە شەڕ... و بە دەست هێنانی سامان و سەلامەتی بوو."* (کتێبی *"سیر تاریخ"* (بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٤١م، لل. ١٤٧ و ١٤٨)

41 . چایلد، گوردون؛ "سیر تاریخ"، انتشارات دانشگاه تهران، ١٣٤٦ [١٩٦٧]، صص. ١٤٧ و ١٤٨

مەزرا و لەوەڕگەی ئاژەڵ داناوە و ئەوە بۆچوونی گۆردن چایڵد پشتڕاست دەکاتەوە کە ئامانج لە ئایین لای کەم لە ڕۆژهەڵاتی جیهان دابین کردنی مادیات بووە. تەنانەت ئەمڕۆش دۆعا و نزای خەڵک یان بۆ ساغی و سڵامەتی کەسەکە و خەڵکانی دەوروپشتیەتی، یان بۆ بەختەوەری کە بەشی هەرەزۆری ئەو بەختەوەرییەش لە 'مادیات'دا خۆلاسە دەبێتەوە.

سەبارەت بە هەتاو لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، زانای ئەمریکی، 'جۆن ناس'( (ی باوک) لە کتێبی 'سەرجەمی مێژووی ئایینەکان' دا دەنووسێت: *"لە میسر، عیبادەتی خودای 'ڕەع' برەوی هەبوو و لە ئایینەکەدا، هەتاو لە بیچمی دەم وچاوی مرۆڤ دەردەکەوت و مەزهەری هەتاوی نیوەڕۆیان بوو. لەعەینی کاتدا، هەتاوی بەیانان و ئێوارانیشیان هەبوون."* [42] هەر ئەو دەڵێ *"خودای 'باربار' ی سومەرییەکان کە دواتر ناوی 'شێمێش'ی وەرگرت، لە شاری لارسا خودای هەتاو بوو."* [43] مشیرالدولە پیرنیا نووسەری کتێبی مێژووی ئێرانی کۆن دەڵێ: *"پەرستنی میهر [میترا] لە ئایینی ئاریەنە کۆنەکان و لە <u>سەردەمی پێش ئاڤێستادا</u> هەبووە و پەیوەندی بە هەتاوەوە دەدرێت، ئەوان 'میهر'یان بە واسیتەی نێوان جیهانی سەرێ و خوارێ و ڕووناکی و تاریکی دەزانی.... پەرستنی میهر لە جیهانی کۆندا گەلێک باو بووە و لە بابیل و ئاسیای بچووک و ڕۆم و ...هتد دا لایەنگری زۆری بووە."* [44]

بەڵام مەسەلەی هەتاو لە بۆچوونی پسپۆڕێکدا سووڕێکی نەرم دەخوات کاتێ کە دەڵێت ئایینی میترایی لە ڕاستیدا پەرستنی <u>'تیشکی' هەتاو</u> بووە نەک هەتاو خۆی: *"میثرە، بە پێچەوانەی باوەڕی ئێمە، لە بیچمی خودای*

---

[42] . ناس، جان؛ *"تاریخ جامع ادیان"* ، ترجمه علی اصغر حکمت، چاپ چهارم، انتشارات آموزش انقلابی، تهران ۱۳۷۰ [۱۹۹۱]، ص. ۵۳ و ٥٤

[43] . هەمان ل. ٦٦.

[44] . پیرنیا (مشیرالدوله)، حسن، *"تاریخ باستانی ایران"* ، چاپ دنیای کتاب، تهران ١٤٦٢، ص. ١٦٩.

*هەتاو دەرناکەوێت، بەڵکوو ئەو ڕووناکی و تیشکی زێرینی هەتاوە."* 45 و بە گوێرەی توێژێنەرێکی تر، *"میترا هەمان خودای ڕووناکییە کە لە هیندستاندا بە هەتاو شوبهێنراوە."* 46

هاشم ڕضی لە زمان ماری بۆیس (پێشتر) ەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: *"دیارە توێژینەوە لە میثرای ئایینی ڤێدایی (هیند) و میترای ئاڤێستایی، دوای ئەوەی بۆ ماوەی هەزاران ساڵ خەڵکانی جیاجیای بەشێکی زۆری جیهان پەرستوویانن، نابێ کارێکی هاسان بێت."* 47 پسپۆڕێکی دیکەی بئەو بوارە لە هەمان پێوەندییەدا دەنووسێت: *"ئایینی میهر نزیک بە 14 سەدە پێش لەدایکبوونی عیسا لەناو ئێرانی و هیندییەکاندا پەیڕەو کراوە... هەموو ئەو ئایینانەی واشوێنی میترائیسمیان هەڵگرتووە، گەلێک داب و ڕەسمی خۆیان لەو ئایینە وەرگرتووە بەڵام ناوی خۆیان لەسەر داناوە."* 48 *"میترا، لە پێش زەردەشتدا، یەک لە گەورەترین خودایانی هیند و ئێرانی بوو. ڕەنگە هەر بە هۆی ڕێزی میترا [لای خەڵک] ەوە بووبێت کە زەردەشت نزیکەی ١٠ ساڵ بە نهێنی پروپاگەندەی بۆ ئایینەکەی خۆی دەکرد."* 49 لە کتێبی 'ڤێدا' ی هیندییانی قەدیمدا چەند جار ناوی میهر لە شێوەی 'میثرا' دا، دووپات بۆتەوە.50

دوو کەس لە توێژێنەرانی عەرەبیش چوونەتە ناو باسەکەوە و سەبارەت بە پەرستنی هەتاو بۆچوونێک هاوشێوەیان هەیە: *"عیبادەتگای هەتاو لە*

---

45 . رضی، هاشم، *"آئین مهر (میترائیسم)"* ، چاپ سوم، انتشارات بهجت، تهران ١٣٧١ [١٩٩٢]. ص. ١٤.

46 . ورمازن، مارتین؛ *"آیین میترا"* ، ترجمه بزرگ نادرزاد، نشر سرصشمه، تهران ١٣٧٢ [١٩٩٣]، ص. ١٧.

47 . رضی، هاشم؛ پێشتر، ل. ٤٨

48 . کومون، فرانتز؛ *"دین مهر"* ، برگرداننده پارسی: احمد آجودانی، انجمن پاسداری از زبان پارسی و فرهنگ ایرانی، لس آنجلس، ١٣٧٥ – ١٩٩٦، ص. ١٦

49 . رجبی، دکتر پرویز؛ *"هزارەهای گمشده- اهورامزدا، زرتشت و اوستا"* ، جلد اول، چاپ دوم، انتشارات توس، تهران ١٣٨٢ [٢٠٠٣]، ص. ٣٧٢.

50 . "لەهەمووشیاندا، وشەی میهر واتای 'پەیمان' دەدات". بڕوانە: ورمازن، مارتین، پێشوو، ل. ١٦.

*'حەزرا'ی نێوچۆمان شوێنەوارێکی سەردەمی ئەشکانیان [٢٥٠ پ.ز. تا ٢٢٦ ی زایینی]ە. شاری حەزرا، یان هەترا، لە خوارووی عیراق و ١١٠ کیلۆمەتری باشووری ڕۆژئاوای شاری مووسڵ، لە سێ سەدەی یەکەمی دوای لەدایکبوونی عیسادا گەیشتە لووتکەی مەزنایەتی خۆی.... خودای هەتاو (میهر) لای ئەوان گرنگایەتی زۆری هەبوو و بە گەورەی هەموو خودایانی دیکەیان زانیوە."* 51

ئەوەی زیاتر جێگەی باسی ئەم وتارەیە بریتییە لەو ڕاستییەی کە ڕێز و حورمەتی خودای هەتاو دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی زەردەشتیش وەک خۆی مایەوە. ئارثر کریستن سن لە کتێبی 'ئێران لە سەردەمی ساسانیان' دا دەنووسێت: *"بە خوێندنەوەی ڕیوایاتی ئەو سەرچاوە مەسیحییانەی وا لەبەر دەستدان، دیاردەیەکی گەلێک بەرچاو دەردەکەوێت، ئەویش پلەیەکی بەرزە کە هەتاو لە ئایینی مەزدیسنیدا هەیبووە. یەزدگیردی سێهەم (شای ساسانی) بەم شێوەیە سوێند دەخوات: 'سوێندم بە هەتاوی مەزن کە بە تیشکی خۆی جیهانی ڕووناک کردووە و هەموو کائیناتی گەرم ڕاگرتووە."* 52

وەک لە سەرەوە گوترا، دوای پەرەسەندنی زەردەشتایەتیش 'میهر' وەک خودا و جێی پەرستنی خەڵک مایەوە و لە کتێبە ئایینیەکەی زەردەشت واتە ئاڤێستاشدا دەیان جار پەسندی گەورەیی ئەو کراوە. بەشی 'یەشتەکان'، وەک بەشێک لە پێنج بەشی ئاڤێستا، پاژێکی تایبەت بە پەسندی 'میهر'ی هەیە کە پێی دەگوترێت 'میهر یەشت'. ئەو بەشە لە 35 'کردە' و دۆعا پێک هاتووە و لە کردەی ٢ هەتا ٣٥ بەم شێوەیە دەست پێدەکەن: "*ئێمە پەسنی میهر دەدەین کە خاوەنی دەشتی بەرینە*"... و *(کەسێکە)* *کە ئاگاداری وتاری*

---

51 . بڕوانە: سفر، فوئاد و مصطفی، محمدعلی؛ *"هترا (حضرا) – گزارش کاوشهای باستان شناسی و بازسازی آثار معماری شهر حضرا"*، ترجمە و تحشیە نادر کریمیان سردشتی، سازمان میراث فرهنگی کشور (پژوهشگاه)، تهران ١٣٧٦ [١٩٩٧]، صص. ٢١، ٢٢، ٣١ و ٧١.

52 . کریستن سن، آرتور؛ *"ایران در زمان ساسانیان"*، ترجمە رشید یاسمی، چاپ دهم، نشر قصەپرداز، (پخش از دنیای کتاب)، تهران ١٣٢٩ [١٩٥٠]، ص. ٢٠٩.

*ڕاستە"* [53] هەر لەو پەیوەندییەدا دوکتۆر ذبیح الله صفا توێژەری بەناوبەنگی ئێرانی دەنووسێت: *"یەشتی دەهەمی ئاڤێستا (میهر یەشت)، تایبەت بە 'میثرە' یە و وەقفی پەسندی 'خوەرینە' کراوە."* [54] و ئەوە پشتڕاست کردنەوەی هەمان هەواڵی ڕاگەیێنراوی پورداودە لە چەند دێڕ پێش ئێرەدا.

سەبارەت بە خوڵقانی هەتاو، لە میهریەشتدا هاتووە: *"هێزێکی دەروونی و ڕەمزاوی... میترای لە ناو دڵی تاشەبەردێکدا هێنایە جیهان* [55] *و میترای ڕازاوە بە زێوەری زێڕینەوە لە بەرزایی چیا سەری دەرهێنا ... هەشت کەس لە یارانی میهر لە سەر بورج دانیشتوون... لەوێ نە شەوە نە ڕۆژ. (بەندی ٥٠)... میترا- خودای هەتاو(= تیشک و ئاگر)یش وەک ئاگر خۆی، لە دڵی بەرد دێتە وجوود."* [56]

یەکەم هەواڵێک کە لە میترا بیسترابێت، لەو تەتەڵە قوڕینانەدایە وا لە 'بوغازی کۆی' لە نزیک ئانکارا دۆزراونەتەوە و تێیاندا باس لە پەیمانێک دەکرێت کە لە نێوان دوو قەومی هیتی و میتانی بەستراوە؛ لە پەیمانەکەدا تکای یاریدە لە دوو خودای گەورەی هیند و ئێرانی واتە میترا و ڤارونا کراوە. [57]

لێکۆڵەرێک دەڵێ: *"باوەکوو لە تەتەڵەی بوغازی کۆیدا بە باشی دەردەکەوێت کە میترا لە پانتایی ئێران بە تایبەت ڕۆژئاوای وڵاتەکەدا ناوێکی ناسراو بووە، بەڵام تا سەردەمی ئەردەشیری دووهەمی هەخامەنیشی (٤٠٤ تا ٣٥٩ پ. ز) و بەردنووسەکەی ئەو لە هەمەدان، هیچ هەواڵێکمان لە میترا نییە. واتە شوێنەوارەکانی کورش و داریوش و خەشایارشا و ئەردەشیری یەکەم ناوێکیان لە میهر و ناهید نەبردووە و لە*

---

[53] . مهر یشت، کردە ١٠: بڕوانە، پورداود، ابراهیم؛ پێشتر؛ ل. ٤٤٧

[54] . بڕوانە: صفا، دکتر ذبیح الله؛*"مزدا پرستی در ایران قدیم"* ، چاپ سوم، شرکت مولفان و مترجمان ایران، ١٣٣٧ {١٩٥٨]، ص.٧٨.

[55] . بینین بە واتای زایین و هێنانە جیهان.

[56] . رجبی، دکتر پرویز، پێشوو، ل. ٣٧٥.

[57] . رضی، هاشم، پێشوو، ل. ٣.

*شوێنەوارەکانی ئەردەشیری سێهەمیشدا تاقە یەک جار ناو لە میهر هاتووە. بەڵام ئەردەشیری دووهەم لە بەردنووسەکەی هەمەداندا دەڵێ: ئەم کاخەم بە خواستی ئەهورا مەزدا و ئەناهیتا و میترا دروست کرد."* 58 هەر ئەو شایە، لە بەردنووسی شووش دا سوێندێکی هاوچەشن دەخوات و دەڵێ*"ئەم هەیوانەم لە سەر خواستی ئەهورا مەزدا و ئەناهیت و '،میترا' (میهر) سەرلەنوێ دروست کردەوە، با ئەوان لە پەنای خۆیانم بگرن و لە هەموو ڕق و دوژمنایەتییەک بمپارێزن و ئەوەی بنیاتم نا، تێکی نەدەن و زیانی پێ نەگەیێنن."* 59 من لە درێژەی ئەم وتارەدا دەگەڕێمەوە سەر بابەتی ئەو سێ خودایە.

مرتضی راوەندی کۆمەڵناسی ئێرانی و نووسەری زنجیرەکتێبی بەنرخی مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران (١٢٩٢ - ١٣٧٨ [١٩١٣ – ١٩٩٩ ز]، لە زمان 'هانری شارل یۆنس' ەوە دەگێڕێتەوە کە گوتوویەتی: *"زەردەشت لە کاتی ڕیفۆرم کردنی ئایینیدا، پلەی میترای لە ڕیزی خوداکان هێنایە خوارەوە و کردیە هاوشانی 'ئێزەدەکان' واتە ئەو فریشتانەی وا دەسکردی ئەهورامەزدان."*60

بە گوێرەی ڕاوەندی، *"تاکی میترائیست لە باری ئەخلاقییەوە لە نەزم و نیزامێکی هاوشێوەی سەربازیدا دەژیا. مرۆڤی ئیمانداری میترایی، خەباتکار، داوێن پاک، نەترس و دڵپاک بوو و لە سەر پەیمانی خۆی دەمایەوە"* *61* ڕاوەندی لە پەیوەندی میترائیسمدا دەست دەنێتە سەر خاڵێکی گرنگ کە بۆ ناوچەی کوردستان خاوەنی گرنگایەتی تایبەتە، ئەویش مێژووی بنەماکانی عیرفان و سۆفیایەتییە. ڕاوەندی دەڵێ: *"ئەخلاقی*

---

58 . رجبی، پێشتر، ل ٣٢٩ .
59 . هەمان، هەمان لاپەڕە.
60 . راوەندی، هەمان، ل. ٤٨٣
61 . هەمان، هەمان شوێن.

*<u>پارێزکارانەی میترائیستەکان</u> گەورەیی و شکۆیەکی بێ هاوتای دەبەخشییە ئایینی میترایی."* [62]

درەنگتر، لە سەردەمی مادەکان و کاتێکدا کە زەردەشت ئایینەکەی ئاشکرا دەکات، بەشی ڕۆژئاوای ئێران (بە کوردستان و ئازەربایجانەوە)، دەبنە شوێنی سەرهەڵدانی ئایینەکە. بە گوێرەی بۆچوونی 'جەیمز دارمستتر'ی فەرەنسی و وەرگێڕی کتێبی ئاڤێستا بە فەرنسی (١٨٤٩ – ١٨٩٤)،*"<u>ناوەند و لانکەی ئایینی زەردەشتی [وڵاتی] مادەکان و بەئەگەری زیاتر، ئاترۆپاتەنە بووە و ئایینی زەردەشت لەوێوە ڕێگای بڕیوە و چۆتە ڕۆژهەڵات [ی ئێران]، ئاڤێستاش کاری موبەدەکانی مادە</u>."* [63]

بە کورتی، لەو هەواڵ وبۆچوونانەی شارەزایان کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا، ئەم چەند ڕاستییانەمان بۆ دەردەکەون:

1. ئایینی میثرایی لە هەزارەی دووهەمی پێش زایین، واتە دەوروبەری ٣٥٠٠ ساڵ پێش ئێستادا لە ئێران و هیندستان پەیڕەوکراوە؛ (ئەو جوغرافیایە لەو سەردەمانەدا، کوردستانی ئێستاشی گرتۆتە بەر)؛
2. میترائیسم بە واتای پەرستنی هەتاو یان تیشکی هەتاو (و لە ڕاستیدا، ڕووناکی) یە؛
3. ئەو سەردەمە، دەوروبەری هەزارساڵ پێش لەدایکبوونی زەردەشت و سەرهەڵدانی زەردەشتایەتی بووە؛
4. تا چەند سەدە دوای ئەویش هێشتا ئارياييەكان نەهاتبوونە ئێران (و کوردستان)؛

---

[62] . ڕاوەندی، هەمان، ل. ٤٨٤.
نووسەر لە درێژەی بۆچوونەکەیدا دەڵێ: *"لە دەوروبەری ساڵی ٦٧ ی پێش زایین عیرفانی میترایی بۆ یەکەم جار گەیشتە جیهانی ڕۆژئاوا... و لە سەدەی یەکەمی زایێنیدا ئیماندارانی میترایی بە ئاشکرا بانگەشەی ئایینەکەی خۆیان [لە ڕۆژئاوا] دەکرد."*
[63] . وەرگیراو لە: راوندی، مرتضی؛ پێشتر، ل. ٤٨٧.

5. خودای میثرا لە سەردەمی زەردەشتیشدا ڕێزی لێ دەگیرا و لەگەڵ ئەناهیتا و ئەهورامەزدا 'سیانە' (ترینیتی)یەکیان دروست دەکرد؛
6. درەنگتر، زەردەشت میثرای لەڕیزی خوداکان هێنایە خوارەوە و کردیە هاوشانی 'ئیزەد' واتە فریشتەکانی دەسکردی ئەهورامەزدا؛
7. ڕەسمی پیرۆزکردنی ئاگر لە ئیماندارانی میثراییەوە گەیشتە زەردەشتییەکان و لای ئەوان مایەوە؛
8. لەو بۆچوونانەدا هیچ نیشانەیەک نییە دەربیخات ئیماندارانی زەردەشتی پەرستگە و شوێنە پیرۆزە میثراییەکانیان لەناو بردبێت؛ لەکاتێکدا پێگە و پلەی خوداکان تووشی گۆڕان هاتوون، پەرستگاکان وەک خۆی ماونەوە؛
9. لە ئایینی میثراییدا 'ئەخلاقی پارێزگارانە' وەک بنەمای ئەو دیاردەیەی وا ئێمە ئەمڕۆ بە عیرفان و سۆفیایەتی دەناسین، گرنگایەتی زۆری پێدەدرا. ئەو خاڵە تایبەتە یارمەتی توێژینەوەکانی دوارۆژ لەمەڕ ڕەگ و ڕیشەی قایم داکوتاوی سۆفیایەتی و دەروێشایەتی و شێخایەتی لە کوردستان دەدات. هیچ شوێنێکی دیکەی ئێران و تەنانەت ناوچە سوننە نشینەکانی بەلووچستان و باشووری ئێرانیش ئەو تایبەتمەندییەیان تێدا نابینرێت.[64]

## ٢. ژن- خودای ئەناهیتا

[64] . باوەڕی گشتیی خەڵک و زۆربەی لێکۆڵەوەرانی بابەتەکە ئەوەیە کە عیرفان بنەمایەکی ئیسلامی هەیە. لە ڕێگایە ئەم زانیارییانەوە پێچەوانەکەی دەردەکەوێت.

'ئەناهیتا'، یان 'ئاناهیتا'، خودای ئاو و کانیاو و ڕووبار، هەروەها خودای ئەوین و دووگیانی بووە. لە ئەنسیکلۆپێدیای ایرانیکادا هاتووە:

*"ئاناهیتا گەورەکچی ڕووباران، و نیشانەی ئاوی پیرۆز و هەموو ڕووبارەکانە، سەرچاوەی هەموو ئاوێکی سەر زەوییە، باڵایەکی بەرزی بێ وێنەی هەیە... لە ئێرانی کۆندا، بەهۆی گرنگایەتی ئاوەوە، چەند خودا هەبوون کە پارێزگاریی ئاویان دەکرد و ئاناهیتا خۆشەویستترینیانە.... لە پەرستنگاکانی ئاناهیتادا ڕێچکەیەک بۆ تێپەڕ بوونی ئاو دەکرایەوە. پەرستنگەکانی ئاناهیتا لە نزیک ڕووبار یان سەرچاوەی ئاوێک بوون و ئاوەکە بە لێژاییەکی کەم دا دەڕژایە خوارەوە بۆ ئەوەی دەنگی ئاو بە نەرمی بگاتە گوێ، هەروەها میحرابیان بۆ دۆعا وپارانەوە دروست دەکرد."[65] لەبەر ئەوەی پەرستنگای 'ئاناهید' لە تەنیشت کانی یان سەرچاوەی ئاو بنیات دەنرا، وا بیر دەکرێتەوە کە شێوازی بینایەیان گەلێک جیاواز بوو لەوانەی وا بۆ پەرستنگەی ئاگر دروست دەکرا؛ شێوازێکی میعماریی گەلێک دیاری هەبوو بە نیسبەت ئەوانەوە و تایبەتمەندییەکانی بریتی بوون لە کۆڵەکە و تاق.[66]*

سەرچاوەیەکی دیکەی زانیاریی بەم شێوەیە باسی ئاناهیتا و سەرچاوەی ئاوەکان دەکات:

*"ئەستێرەی ئاناهید/ ناهید/ ئاناهیتا، بە ئەستێرەی ئاوی جاری زانراوە و هەربۆیەش پەرستگاکانی ناهیدیش لە لێواری ڕووبار و کانیاو دروست کراون. هەروەها باوەڕیان بە کەسایەتیی مێ بینەی ئاناهید هەبووە و ئاوی سەرچاوە و قەناتەکانیان بە هی ئەو و ئەویشیان بە پشتیوان و لایەنگری*

---

[65] . دکتر پرویز رجبی، "هزاره‌های گمشده"، پێشتر

[66] (hypothesis of I. A. Orbeli, revived in C. Trever, “À propos des temples de la déesse Anahita en Iran Sassanide,” *Iranica Antiqua* 7, 1967, p. 122); (M. L. Chaumont), ANAHID, http://www.iranicaonline.org/articles/anahid

*ئەو ئاوانە زانیوە. ئەوەش کە لە بیرۆکەی کۆنی ئێرانییاندا چاوگەی کانیاوەکانیان بە شوێنی ئاناهید داناوە، پیاوان مافی ئەوەیان نەبووە لێی نزیک ببنەوە. ئەوە هەر لەو باوەڕەوە هاتووە."*[67]

ئێستا با ئەو زانیارییانە بخەینە چوارچێوەی شوێنەوارەکانی ئێستای ناو شاری بۆکان:

پەرستگای ئاناهیتا، کە ئێستا مزگەوتی موسوڵمانانە، بە کۆڵەکە و تاقەوە، کە دەکرێ وەک درێژەی نەریتی بینایە مێژووییەکە سەیر بکرێت، لە دوولای باشوور و ڕۆژئاواوە بە ئاوی جاری دەور دراوە، یەکیان حەوزە گەورەیە و ئەویتر جۆگەڵە ئاوی لە حەوزەگەورە سەرچاوە گرتوو کە بەرەو ڕۆژهەڵاتی باشووری دەکشێت. هەردوک ئەو ئاوانە تەنیا پێنج مەترێک لەو پەرستگا (مزگەوت)ەکەوە دوورن. ئاوی 'خوڕێنک'ی لای ڕۆژئاوای حەوزەگەورە، بەو دەنگە بلاوێنەیەوە گومان لەوەدا ناهێڵێت کە جێگەی سەرنج و نەک هەر سەرنج بەڵکوو پەرستنی ئیماندارانی میترایی و شوێنکەوتووانی ئاناهیتا بووبێت. ئاوی خوڕێنک لە ژێر حەوزەگەورەوە سەر هەڵدەدات و دیاردەیەکی دەسکردی مرۆڤ نییە[68] و هەمان ئەو هەستە دەخولقێنێت کە ئیماندارانی ئاناهیتای خواوەندی باڵابەرزی ئاو، لە سەرچاوەیەکی ئاوی لای پەرستگاکەیان چاوەڕوانیان کردووە.

ئەوەش کە لە سایتەکەدا گوتراوە پیاوان مافی ئەوەیان نەبووە لە چاوەی ئاوەکە نزیک ببنەوە، دەتوانێت چەشنە پەسندێک بێت بۆ ناوی بۆکان و پەیوەندی ئەوە لەگەڵ بووک و هاتنی بووکان بۆ سەر حەوزەگەورەی نیشانەی پاکی.

---

[67] . مرادی، غیاث آبادی؛ "آناهید، ستاره آبهای روان"؛ سایت پژوهشهای ایرانی http://ghiasabadi.com/anahid.html

[68] . تەنانەت کاتێکیش کە لە سەردەمی منداڵیی مندا جارێک بۆ خاوێنکردنەوەی تەختی زەوییەکەی، ئاوی حەوزەگەورەیان بەتاڵ کرد، ئاوی خوڕێنک بەردەوام مایەوە. ئەنوەر

ماری بۆیس دەڵێ: *'ئەرداڤی سوورا ئەناهیتا'*[69] *لە یەشتەکان[ی ئاڤێستا] دا کیژۆڵەیەکی گەلێک جوان و باڵابەرزە... سواری گالیسکەیەک بووە کە چوار ئەسپی با، هەور، باران و تەرزە ڕایدەکێشن. جەژنی گەورەی 'تیرگان' یا جەژنی ئاو، کە لە سەردەمی بوتپەرەستییەوە مابووەوە، لە ڕاستیدا بۆ ئەناهیتایە و 'تیر وتیشتر' ی پێ دەگوترێت کە تا ئێستاش لە ناوچەی کرمان وەک جەژنی باران بەڕێوەی دەبەن."* 70

ئیبراهیم پور داود دەنووسێت: *"لەوەی کە پەرستگای ناهید چ لە ئێران و چ لە وڵاتانی دراوسێ، لە لێواری ڕووبار یان شوێنی پڕئاو دانراون، دەکرێ بمانگەیێنێتە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین بە تایبەت پەرستنگای فریشتەی ئاویان لە نزیک ئاو بنیات ناوە*[71] *و ناهید فریشتەیەکە کە ئەرکی پارێزگاریی دیاردەی ئاو لە سەر شانی ئەوە، وەک چۆن 'تشتەر' (تیر) فریشتەی بارانە و 'مێترا' (میهر) فریشتەی تیشک."* 72

بنەمای 'بووکە بارانە'ی ناو کوردانیش کە تا ئێستا هەر ماوەتەوە، دەبێ لە پەیوەندی گەورەکچی ئەناهیتا دا بووبێت، بە تایبەت کە تا ئەمڕۆش ئاماژەی بە گەورەکچان تێدایە و ئەوە دەتوانێ ڕاستەوخۆ بیرێتەوە سەر خاتوو

---

69 . Ardavi Sura Anahita
*'سوورا' سیفەتێکی گشتییە بە واتای خاوەن توانایی و هێز؛ 'ئەناهیتا' ش بە واتای پاک و بێ خەوشە.* ماری بۆیس، "تاریخ کیش زرتشت"، ل. ٩٠

70 . بۆیس، ماری؛ هەمان، لل. ٨٩ تا ٩٠.

71 . پورداود، ابراهیم؛ *"یشت ها (1)"* چاپ اساطیر، تهران، ١٣٧٧ [١٩٩٨] ل. ١٧٠

72 . هەمان، ل. ١٦٢. پور داود لە شوێنێکی دیکەی هەمان سەرچاوەدا دەڵێ: *"پەرستنگاکانی ناهید لە ئێران تایبەت بوون بە ژنانی ڕاهیبەی پارێزکار، بە پێچەوانەی ئاسیای بچووک کە بە هۆی کارتێکەریی ئایینە سامییەکانەوە شێوازێکی دیکەیان هەبوو."* هەمان، ل. ٤٦٩. پێویست بە گوتنە کە پووورداود ئەو قسەیەی بۆ بەرپەرچدانەوەی بۆچوونی هەندێک لە لێکۆڵەرە ڕۆژئاواییەکان کردووە کە بۆ نموونە لە کتێبی هیترا (خضرا) شاری هەتاو"دا ڕەنگی داوەتەوە. بە گوێرەی ئەوان پەرستنگاکانی ئەناهیتا شوێنی ڕابواردن بوون. من لەگەڵ بۆچوونی پووورداود سەبارەت بە سامییەکان نیم کە هەست دەکەم بۆنی ڕەگەزپەرستیی لێوە دێت. لام وایە ئەو بەم قسەیە ویستوویەتی تۆمەتەکە لە سەر شارەکانی ئێران لابەرێت و بڵێ تەنیا سامییەکان وەهابوون!

ئەناهیتا. با سەیرێکی ئەو دەقە فۆلکلۆرییەی ڕێ وڕەسمی بووکە بارانە بکەین کە سنووری سەدە و هەزارەی بەزاندووە و گەیشتۆتە ئەمڕۆش:

*" بووکە بارانە ئاوی دەوێ،*
*ئاوی نێو دەغڵانی دەوێ،*
*دەرزی گەورەکچانی دەوێ،*
*هێلکەی بارۆکانی دەوێ."*

تەنانەت هاتنی ناوی 'بارۆکە'ش وەک مریشکی تازە پێگەیشتووی یەک ساڵە، دەتوانێت واتایەکی پەیوەندیدار بە باسەکەی ئێمەوەی هەبێت و گەورەکچان و ئاناهیتا خۆی بگرێتەوە. هەروەها دوور نییە بکرێت لە وشەی 'دەغڵان' یشدا چەشنە ئاماژەیەک بە باوەڕی ئیماندارانی میثرایی ببینرێت کە هەتاو و گەرما و تیشکی هەتاویان بۆ پێز و بەرەکەتی دەغل و دانی خۆیان ویستووە یان لە خودای ئاو واتە ئەناهیتایان خواستووە ئاو بگەیێنێتە دەغڵ و دانی چێندراویان و تێراوی بکات.

ئێرانییەکان و هەندێک لە لێکۆڵەرانی ڕۆژئاوایی هەوڵی ئەوە دەدەن ئەناهیتا بە خودایەکی ئێرانی بناسێنن و بڵێن ناوی ئەناهیتا لە کتێبی ئایینی هیندییەکان واتە 'ڕیگ ڤێدا' دا نەهاتووە[73] و بەم پێیە هی سەردەمی یەکبوونی هیند و ئێرانییەکان نییە. یان دەڵێن ئەگەر لە دەرەوەی ئێرانیش پەرستبێتیان، باوەڕەکە لەگەڵ پەرەسەندنی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنیشیدا بڵاو بۆتەوە.[74] دیارە ئەوانە دەبێ وەڵامێک بن بۆ بۆچوونی ئەو کەسانەی وا پێیان وایە میثرائیسم دیاردەیەکی غەیرە ئێرانییە و لە دەرەوەی ئێران سەری هەڵداوە دواتر ئێرانییەکان وەخۆیان گرتووە. من تەنیا لە سێ سەرچاوەدا شەش نموونەی جیاواز لەو بۆچوونانەم چاوپێکەوت:

- *"وا دەزانرێت کە هاتنی ئەناهیتا بۆ ناو ئێران لە ژێر کارتێکەریی وڵاتی 'بابیل' و باوەڕە ئەستێرەناسییەکانی بابیلدا بووبێت."* [75]

---

[73]. رجبی، دکتر پرویز، همان، ل. ٣٤٦

[74]. گویری، سوزان، *"آناهیتا در اسطورەهای ایرانی"*، انتشارات جمال الحق، تهران ١٣٧٢، ص ٣١.

[75]. پیرنیا (مشیرالدوله)، حسن، همان، ل. ١٦٩.

- *"ئەناهیتا ژن-خودایەکی بابیلی بووە، لەوێ بە ناوی 'ئەرێدوی'ەوە ناسروە و دواتر نازناوی ئەناهیتا (پاک و خاوێن) یان لێ زیاد کرووە."* [76]
- *"ئەناهیتا ژن- خوادایەکی سامییە"* [77]؛
- 'ڕاپ' لای وایە *"ئەناهیتا لە ڕێگەی ئەرمەنییەکانەوە گەیشتۆتە ناو مادەکان."* [78]
- 'نیبرگ' دەڵێ: *"ئەناهیتا خودایەکی توورانییە"* و بە 'ژن-خودای سەیحوون' ناوی دەبات."[79]
- "ئێرانیانی نیشتەجێی عیلامی کۆن، لەوێ فێر بوون کە خودای خۆیان ئەناهیتا لە پەیوەندی دوو ڕواڵەتی ڤێنووسی سەر زەوی و ئیشتاری بەهێزدا بدۆزنەوە. لەوێش بە خودای ئیشتاریان دەگوت 'The Lady' واتە خاتوونەکە.[80]

لە کاتێکدا دەگوترێت *"دیاری کردنی مێژوو بۆ دەرکەوتنی ژن- خودای ئەناهیتا کارێکی ئەستەمە و تەنانەت نازانرێت لە کەیەوە بەو ناوە ناسراوە، ڕێکەوتی ساڵ و سەدەی زوربەی ئەو شتوومەکە پەیوەندیدارەی وا لە ناوچەی کرماشان (بە تایبەت هەرسین) هەروەها ئەلشتەر و خورماوا دۆزراونەتەوە هی هەزارەی یەکەمی پێش زایینن"*، [81] لە ساڵی ۳۲-۱۹۳۱ دا لە گردی 'گیان' ی نەهاوەند پەیکەری دایک- خودایەک دۆزراوەتەوە کە گیرشمەن دەڵێ هی ساڵانی ۲۵۰۰ تا ۱۸۰۰ ی پێش زایینە.[82] لەویش

---

[76]. رجبی، دکتر پرویز، هەمان، ل.

[77]. هێرۆدۆت، ۲۵۱/۱ وەرگیراو لە رجبی، دکتر پرویز، پێشتر، ل. ۳٤۹.

[78]. هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

[79]. هەمان سەرچاوە، ل. ۳٤٦.

[80]. Mary Bois, „Encyclopaedia Iranica“, Edited by Ehsan Yarshater, Rout Leage & Kegan Paul, London, Boston and Henley, 1985, Vol. 1, ‚ANAHID‘.

[81]. گویری، سوزان؛ پێشتر، ل. ٤١.

[82]. هەمان، ل. ١٥.

کۆنتر، پەیکەرێکی ئەناهیتای هەزارەی سێهەمی پێش زایینە کە لە ناوچەی 'ویلندرف' ی ئوتریش (نەمسا) دۆزراوەتەوە.[83]

***

بەم پێیە، ئێمە دەبێ مێژووی دەرکەوتنی ئەناهیتا لە ناو گەلانی ناوچەکەدا بگەڕێنینەوە بۆ سەردەمێکی گەلێک زووتر لە هاتنی ئارییەکان و ئەوەش لە پەیوەندی ئەم باسەی ئێستای ئێمەدا گەلێک گرنگە. پەرستنی ژن-خودای ئەناهیتا لە ناوچەیەک کە بۆکانیشی تێدا هەڵکەوتووە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش هاتنی ئارییەکان و بەم پێیە، لای کەم بەشێک لە پەرستگەکانی پەیوەندیدار بە ئەناهیتا دەکرێت مێژوویەکی کۆنتر لە مێژووی ماد و هەخامەنیشی و ئەشکانییان هەبێت. ئەوە بۆیە دەڵێم کە هەیئەتێکی کەوناراناسیی ئێرانی، لە باسی شار و ناوچەی بۆکاندا ئاماژەی بە سەردەمی ئەشکانی (٢٥٠ ی پێش زایین تا ٢٢٦ ی زایینی) و ساسانی (٢٢٤ تا ٦٥١ ی زایینی) کردووە.[84] گەلێک ئیشانەی نووسراو بۆ نموونە تەتەڵە ئاشورییەکان بە دەستەوەن کە دەریدەخەن قەڵای ناو شار و ٣٠ تا ٤٠ قەڵای دەوروبەری بۆکان، تەمەنێکی گەلێک درێژتریان هەیە و مێژوویان لای کەم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ماناکان (سەدەی هەشتەم تا شەشەمی پێش زایین) و پێش ئەوانیش. زۆرێک لەو شەڕانەی وا نێوان ئاشوور وماننا، یان ئاشوور و ئورارتو ڕوویانداوە، ڕاست لەو ناوچەیەدا بووە و ئاشکرایە ناوچەکەش نیشتەجێی مرۆڤ و شوێنی حوکماتی دەسەڵاتدارانی شار- دەوڵەتەکان بووە تەنانەت پێش ئەوەی لەژێر ئاڵای دەوڵەتی ماننا دا یەک بگرن و دەسەڵاتێکی هەمەگیری ناوەندی لەناوچەکەدا بنیات بنێن، ئەو شار-دەوڵەتانە هەبوون.

---

83 . هەمان، لل. ١٣ و ١٤.

84 . هەیئەتی کەوناراناسیی ئێران لە ساڵی ١٣٥٠ ی هەتاویدا ڕایگەیاندووە: ناوچەی بۆکان بنکەی سوپایی ئەشکانی و ساسانییەکان بووە." وەرگیراو لە ئەفخەمی، ئیبراهیم؛ پێشتر، ل. ١٥.

درەنگتر و لە سەردەمی مادەکانیشدا دەبینین: *"ئەناهیتا وەک ژن-خودای ئاو، یەک لە خۆشەویستترین 'ئێزەد' ەکانی ئایینی زەردەشت بووە و لە ئاوێستا و ئایێنی زەردەشتدا هیچ ژن-خودایەک بەو خۆشەویستییەوە ناو نەبراوە کە ئەناهیتا ناو براوە."* [85] هەروەها دەگوترێت کە *"مادەکان یەکەم ئێرانییەک بووبێتن کە دەرەتانیان بە پەرەسەندنی پێکهاتەیەک بە ناوی ئاناهیتا دابێت."* [86] واتای ناراستەوخۆی ئەو قسەیەی سەرەوە ئەوە دەبێت کە سەرهەڵدانی ژن-خودای ئەناهیتا لە ئێرانەوە نەبووە و ئەناهیتا لە بنەڕەتدا خودایەکی غەیرە ئێرانییە، مادە ئارییەکانیش تەنیا ئەوەیان کردووە کە بۆ یەکەم جار لە ئێراندا دەرەتانی پەرەسەندنیان بە بیرۆکەی ئاناهیتایی داوە. ئیتر لە هەموو سەردەمی دوای ماد هەتا ساسانییەکان و هاتنی عەرەب بۆ ناوچەکە (سەدەی حەوتەمی زایینی)، بە هەندێک بەرز ونزمییەوە، ناو و بیرۆکەی ژن - خودای ئەناهیتا وەک خودا یان ئێزەد (فریشتە) لە باوەڕی خەڵکدا ماوەتەوە و تەنیا شمشیری ئیسلام توانیویەتی ببیڕێت و تێکی بشکێنێت- ڕاست وەک ئەوەی لەم ساڵانەدا خەلافەتی ئیسلامی (داعش) لەگەڵ شوێنەوارە ئاشورییەکانی ناوچەی مووسڵ و ژن و پیاوی ئیمانداری ئێزدی ناوچەی شنگاڵی کرد.

دیارە ئەگەر باوەڕە ئایینییەکە خۆی، بە زەبری شمشیر لەناو برا و ئیسلام جێگەی گرتەوە؛ هێشتا هەندێک نیشانەی فیزیکی و بەشێک لە داب و نەریت و مەناسیکی میثرایی لە بیر و باوەڕی خەڵکی ناوچەکەدا مانەوە، بۆ نموونە شەخسە پەڕۆ و داری چاکی و هەندێک لە کانیاوە پیرۆزەکانی ئەناهیتایی وەک بابە قەتار و باوەگوڕگوڕ پاشماوەی هەمان ئەو بیروباوەڕەن و ئەگەر ناوێکی عەرەبی و وەک 'سەعدی وەقاس'یان لێ نرابێت، تەنیا بۆ پاراستنیان بووە لە دەست و شمشیری داعشەکانی سەردەمی خۆیان.

---

[85] . رجبی، دکتر پرویز؛ هەمان، لل. ٣٤٤ و ٣٤٥.

[86] . هەمان، ل. ٣٥٠.

له لایەکی ترەوە، نیشانەی هەندێک باوەڕی ئایینەکەش لە ناوخەڵکدا مانەوە بەڵام جێگە و پێگەیان گۆڕا و تەنانەت لە کەیسی وەک خاوەنی ئاو (خواوەندی ئاو)دا، ئەناهیتای جێگەی هانا و پەنای خەڵک، بیچمی ترسێنەری هاوشێوەی ساحیبی ئاوی بەخۆیەوە گرت و بوو بە شێوازێکی 'ئاڵ' ی منداڵ ڕفێن!

ئەو گۆڕانکارییانە بە درێژایی ١٤ سەدە لە مزگەوتەکان و لەڕێگەی مەلا و فەقێ و شێخ و دۆعانووسەوە، یان لە ڕێگەی تەفسیر و شیکردنەوەی کتێب و سەرچاوەی عەرەبیەوە، چووە ناو بیر و زەینی کۆمەڵانی نەخوێندەواری خەڵکەوە و لە ڕاستیدا، باوەڕێکی میثرایی بوو بەو دۆگمێکی ئیسلامی کە ئێستا بە جل وبەرگی عەرەبی - ئیسلامییەوە دەیانبینین.[87]

ئەو زانیارییانەی سەرەوە دەریدەخەن کە باوەڕ بە خودای ئاو و ئاوەدانی مێژوویەکی کۆنتر لە مێژووی زەردەشتایەتی هەیە و دەبێ پێشینەی لای کەم بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بوتپەرستی لە هەزارەی سێهەمی پێش زایێن یان ماوەیەک دوای ئەو. بە هەمان شێوە، پەرستگەکانی 'خودای ئاو' یش دەبێ مێژوویەکی وا کۆنیان هەبێت و نابێ وەک هەندێک لە ئێرانییەکان دەیکەن، لە پەیوەندی ئایینی زەردەشتدا سەیریان بکەین. بە کورتی، <u>مێژووی باوەڕ بە ژن- خودای ئاو و ئاوەدانی، لە ئایینی ئارییەکان کۆنترە و لە کاتی هێرشەکانی ئەوان بۆ سەر ناوچەی زاگرۆس، ئەو باوەڕە لە ناو خەڵکدا برەوی بووە و چەسپاوە.</u>

دوکتۆر پەرویز ڕەجەبی دەنووسێت: *"لە قەڵەمڕەوی فەرهەنگیی ئێراندا چەشنە بینایەکی مێژوویی دەبینین کە دەکرێ بە پەرستگەی ئەناهیتایان بزانین. ئەو بینایانە بە قەڵای کچ (قلعه دختر) دەناسرێن."*[88] مێژوونووس

---

[87] . نموونەیەکی ئەو گۆڕانکارییە، شینگێڕیی جوانەمەرگ بوونی سیاوەش کوڕی ڕۆستەمە بە دەستی باوکی خۆی کە بۆ ماوەی چەند سەدە نەریتی ساڵانەی خەڵک بوو و ئیماندارانی موسوڵمانی شیعە وەریانگێڕایە سەر شینگێڕیی بۆ ئیمام حسێنی کوڕی ئیمامی عەلی لە سەحرای کەربەلا.

[88] . رجبی، دکتر پرویز؛ هەمان، ل. ٣٦٩.

و لێکۆڵەری ئێرانی دوکتۆر 'ئیبراهیم باستانی پاریزی' کتێبێکی بە ناوی 'خاتون هفت قلعە' هەیە. فەرهەنگ دهخدا سەبارەت بە پێکهاتەی 'خاتون هفت قلعە' گوتوویەتی کینایە لە ئەستێرەی 'زوهرە'یە؛ دیارە زوهرەش ناوی عەرەبییە بۆ ئەستێرەی ناهید، دەشزانین کە ناوی دیکەی ئەستێرەی ناهید (ئەناهیتا)یە.[89] کتێبی باستانی پاریزی لە بابەت ئەو قەلایانە نووسراوە، کە ناوی 'دختر' (کچ)یان لەسەرە و پەیوەندیان بە ئەناهیتاوە هەیە. من دووری نازانم تەنانەت ناوی کۆنی بۆکان و قەڵاکەی لە پەیوەندی کچ و بووکدا بووبێت و بۆ نموونە پێی گوترابێت 'قەڵای بووکان' –شتێک وەک وەک قەڵای کچان کە دەزانین لە تورکیدا هەیە و 'قیز قەلاسی' پێ دەگوترێت، یان لە ئێران 'قلعە دختر' ی پێدەڵێن.

' باستانی پاریزی' مێژوونووس و لێکۆڵەری ناسراوی ئێرانی کتێبێکی بە ناوی 'خاتون هفت قلعە' هەیە کە تێیدا باسی لە مێژووی هەندێک قەڵای کچ لە کرمان و فارس و ئازەربایجان و...ی کردووە. من بەداخەوە نەمتوانیوە تا ئێستا بیخوێنمەوە. بەڵام ناوی کتێبەکە بۆم گەلێک سەرنجڕاکێشە.[90] لە فرهنگ دهخدا دا 'خاتون هفت قلعە' بە نازناوێک بۆ ئەستێرەی زوهرە واتا کراوەتەوە، زوهرەش ناوی عەرەبییە بۆ ئەستێرەی ناهید[91] کە ئەویش هیچ نییە جگە لە ئەناهید و ئناهیتا.

---

[89] . بڕوانە: وشەی *" خاتون هفت قلعە ] .ن ِ ەَ ق َ ع َ /ع ِ ] (ترکیب اضافی ، اِ مرکب ) کنایە از ستارۀ زهرە است . (مجموعۀ مترادفات ص ۲۰۰)."* وەرگیراو لە ماڵپەڕی فارسی واژە یاب.

[90] . بەداخەوە تا ئێستا نەمتوانیوە نوسخەی کتێبەکە بدۆزمەوە و بیخوێنمەوە و ئەو زانیارییانەشم لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنەکانی سەر ئینترنێتەوە دەست کەوتووە بەڵام.دەزانم کتێبەکە دەتوانێت هەندێک پرسیاری سەبارەت بە قەڵای کچ و بووک و لە ئەنجامدا مەسەلەی بۆکان و قەڵاکەی و بووکی سەر حەوزە گەورە ڕوون بکاتەوە و ڕامسپاردوقوە بۆمی بێنن.

[91] . ناوی هەمان ئەستێرە لای ڕۆمییەکان 'ڤینووس' و لای یۆنانییەکان ئافرۆدیت' ە و هەردووک ئەوانیش خودای ئەڤین و جوانین. دەبێ بنەمای هەموو ئەو باوەڕانە یەک بن، چ ڕۆژئاواییەکان لە ڕۆژهەڵاتیان وەرگرتبێت چ پێچەوانەکەی بێت. مرۆڤایەتی یەک دیاردەیە ئەگەر جیاوازییەکان گەورە نەکرێنەوە.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە بە گوێرەی سەرچاوەیەک[92] لە زمانی فارسیدا دوو ناوی دیکەش بۆ ئەستێرەی ناهید هەیە: بیدخت و بیلوفت. بیدخت هەمان بەغ دوخت واتە 'کچی خودای بەغ'ە و دەتوانێت پەسندێک بێت بۆ ئەو بۆچوونەی کە قەڵای سەر گردی تۆبرەڕێژی ناوەڕاستی بۆکان (یان 'بووکان') یش بە شانازیی بووکێنی کچی خودای بەغ یان خوداکە خۆیەوە بنیات نرابێت. وشەی 'بیلوفت' یش لە باسەکەی ئێمە دوور نییە. چەند قامووسی فارسی بە 'ناوێک بۆ ئەستێرەی زوهرە' یان ناهیدیان لەقەڵەم داوە، کە هەمان ئاناهیتای جێگەی باسی ئەم کتێبەیە.[93]

دوکتۆر پەرویز رەجەبی کە دوو پەرەگراف سەرەوەتر بۆچوونەکەیم لەمەڕ قەڵای کچ (قلعه دختر) ڕاگواست، هەروەها دەنووسێت: *"بوونی سواڵەتە شکاو لەو پەرستنگە و قەڵایانەدا دەبێ ئەوە بگەیێنێت کە خەڵکی ئەو سەردەمانە بۆ چاکبوونەوەی نەخۆش و بەرەکەت کەوتن لە حاسڵی کشتوکاڵ، کەڵکیان لە ئاوی سەرچاوەی پەرستگەکان وەرگرتووە[94]، یان بۆ گەیشتن بە ئارمانج و ئارەزوو، ئاویان پێشکەش بە پەرستگەکە کردووە و بە ڕواڵەت دوای ئەو پێشکەش کردنە، زەرفەکانیشیان شکاندووە."* [95]

---

[92] . ویکی پیدیا دانشنامه آزاد، وشەی ناهید (سیاره)

[93] . من لە نێوان ئەو ناوە و ناوی گوندی 'بڵفەت' ی سەردەشیشدا نزیکایەتییەک دەبینم. تەنانەت بینیومە بە ڕاست یان چەوت ناوەکەیان وەک 'بولفەت'یش نووسیوە کە هەندێک لە بیلوفت نزیکتر دەبێتەوە. با ئەوەش بڵێم لە هیچ بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕادەی شاری سەردەشت و پیرانشار نیشانەی ناوی مێژوویی پێش ئیسلام بەسەر گوند و دیاردە سروشتییەکانەوە نەماوە. نستان، ئاڵواتان، ئالان، بێکوس، نیزە، تەمرچین، بێوران، تا گاگەشی مەنگوڕایەتی و .... کێ لەوانە دەکۆڵێتەوە؟

[94] ، هەر ئێستاش زۆرێک لە خەڵکی کوردستان ئاوی هەندێک کانیاو و سەرچاوە بە دیاردەیەکی پیرۆز دەزانن و وەک شفا و عیلاجی نەخۆشی دەیخۆنەوە یان بە منداڵی نەخۆشیانی دەدەن تەنانەت لە بۆکان باوە کاتێ کە منداڵ دەکۆخێت یان خواردنێک لە گەرووی دەگیرێت، دایکی ئەگەر ئاوی بابەقەتاریشی نەبێت بیداتێ، بە ئەسپایی لە پشتی منداڵەکە دەدات و بە زمان دەڵێ "ئاوی بابە قەتار!" یان هەر "بابە قەتار!" بۆ ئەوەی منداڵەکە گەرووی بکرێتەوە و بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی.

[95] . رجبی، دکتر پرویز؛ پێشتر، هەمان لاپەڕە

ڕشتنی ئاو بە دوای خۆشەویستێک و ئەندامێکی بنەماڵە لە کاتی سەفەرکردنیدا، کە لە هەندێک بەشی کوردستان باوە، نابێ بێ پەیوەند بەو نەریتە و ئەو باوەڕە بێت و تەنانەت شکاندنی گۆزەی ڕەش بە دوای کەسێکدا کە ئەمڕۆش لە قسە مەتەڵۆکی خەڵکدا هەیە، دەبێ پاشماوەی ڕێ و ڕەسمێک و باوەڕێکی ئەو سەردەمانە بێت. من لە قۆناغی دواتری ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا دەبێ بگەڕێمەوە سەر هەردوو ئەو نەریتانە.

لە پەیوەندیی سواڵەتە شکاوی بەجێماوی سەدە و ساڵانی زوو، دەبێ بڵێم قەڵای ناسراو بە سەردار لە سەر حەوزە گەورەی بۆکان، تەنیا لە سەدەی بیستەمدا دووجار هەڵکۆڵراوە و بناغەی دیوار و بینای لەسەر دانراوە. یەکەم لە سەردەمی سەردار سەیفەددین خان و سەردار حەمەحسێن خاندا (کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم) و دووهەمیش لە لایەن پاسدارانی ڕژیمی ئێستای ئێرانەوە (دوای ١٩٨١). دیارە ئەگەر سواڵەتەشکاو یان گۆزە و دیزەی نەشکاوێکیش لە شوێنەکە دا دۆزرابێتەوە لەو دوو دەست درێژییانەدا فەوتاون و نەماون. بەڵام لە خەڵکانی بەساڵاچووی شارەکەم بیستووە کە لە سەردەمی دروست کرانی قەلاکەی سەیفەددین خان سواڵەت و گۆزە و دیزەی شکاو لە شوێنی قەڵا دا بینراونەتەوە.

هەروەها، لە شوێنەواری مێژوویی ناسراو بە 'گڵەجانێ' لە داوێنی ڕۆژهەڵاتی قەڵای سەرداری بۆکان و پشت دوخانیاتی کۆن لە گەڕەکی 'زاخەکان'، گەلێک کەرەسە و شتوومەک دۆزرایەوە و من بە کورتی ئاماژە بەو تاڵان و بڕۆیە دەکەم کە هەر لە تەمەنی خۆمدا لەو شوێنەوارە گرنگە ڕووی داوە و ئێستا گەلێک شایەدی کارەکە لە ژیاندا ماون. ئەگەر هەڵە و پەڵە و نەزانیی و لەکار نەگەیشتوویی خەڵکەکە و بێ بەرپرسیاریی بەناو بەرپرسانی دزی حکوومەتی شا و دەست چەپەڵیی قاچاخچی و دەلاڵەکانیان لێ بگەڕایەت، واهەبوو ئەو شوێنە گرنگە وەک گەنجینەیەکی گرنگی فەرهەنگی بنرخێنرایە و تەنانەت یارمەتی زۆری ئەم باسەشی بدایە و گەلێک لایەنی شاراوەی بۆ ئەم باسەی ئێستاش ڕوون بکردایەتەوە.

گڵەجانێ، بە گوێرەی بیرەوەریی خەڵک و بۆ نموونە، ڕێزدار ڕەشید سپیهری خەڵکی بۆکان و دانیشتووی ئێستای سوید، گەنجینەیەکی بەنرخ لەگوێن گەنجینەی زێویە بوو بەڵام قاچاخچی ناڕەسەن لە لایەک و بێ خەبەریی هەندێک خەڵک بەتایبەت هەرزەکاری بێ ئاگا لە لایەکیتر، داریان لە کوولەکەی ڕۆحی ئەو شوێنەوارە بەنرخە دا و فەوتاندیان. شتوومەکی دۆزراوەی گڵەجانێ کە لە ماوەی سێ دەیەی نێوان ١٣٣٠ تا ٥٠ ی هەتاوی (١٩٥٠ تا ٧٠ ز.) دا دەدۆزرانەوە و هەمووی دەدرانە دەست دەڵاڵی بۆکانی و مەهابادی و لە ئەنجامدا دەبوون بە مڵک وماڵی قاچاخچییانی تەورێز و تاران و ئورشەلیم و لەندەن و نیویۆرک، کە ئێستا دەبێ لە گەلێک کۆلێکسیۆنی شەخسی و تەنانەت حکوومیی وڵاتانی ئوروپا و ئەمریکادا شوێنی تایبەتیان بۆ تەرخان کرابێت. ئیتر سواڵەتەشکاو هیچ، کە هەر دوای دۆزرانەوە فڕێ دراون و نەماون، پەیکەرە هونەرییەکانیش لە دەست کورد چوەونەتە دەرێ و ئێستا بۆ سەلماندن و چەسپاندنی بۆچوونی کەسێکی دەست کورتی وەک من دەبێ پەنا ببرێتە بەر بیرەوەیی خەڵک و ئەوەی لە شوێنەواری مێژوویی زێویەی سەقز کرا و ڕەشیدخانی کەیخوسرەوی شین گێڕیی بۆ کرد،[96] لە گڵەجانێی بۆکانیش دووپات ببێتەوە.[97].

<u>بەڵام بەگشتی، شوێنی ناسراو بە گڵەجانێ درێژەی شوێنەوارە مێژووییەکانی دیکەی بۆکانە کە بە گۆلی مەردانبەگ و ئەشکەوتی سەر گۆلەکە لە لای باشووری ڕۆژئاوای شار دەست پێدەکات و دەگاتە خورێنک و حەوزەگەورە و جۆگەلە ئاوەکانی باشوور و باکووری، ئینجا پەرستگای</u>

[96] . بڕوانە دوو بەرگ کتێبی ئەو دڵسۆزەی گەل و نیشتمان: کەیخوسرەوی، ڕەشید؛ نخستین گزارش: "دوران بی خبری یا غارت آثار فرهنگی ایرانیان – گنج زیویه و دردنامه روستائیان زیویه؛ چاپ نخست، ناشر: نویسنده، ١٣٦٤ [١٩٨٥] و دومین گزارش: "دوران بی خبری یا صهیونیزم جهانی و خطر نابودی آثار باستانی- منطقه باستانی زیویه و قاپلانتوو نشانەهائی از ساختمنان هکمتانه و غار دیو سپید"؛ انتشارات آفرینش، تهران ١٣٦٩ [١٩٩٠].

[97] . بە هۆی گرنگایەتی مەسەلەی گڵەجانێ و ئەوەی کە تا ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکدا باسی لێوە نەکراوە، من هیوادارم ڕێزدار ڕەشید سپێهری بیرەوەرییەکانی خۆی لەم بارەیەوە بە دوور ودرێژی بنووسێت و بڵاوی بکاتەوە.

کۆنی ئەناهیتا (مزگەوتی جامیعی ئێستا)، ڕیزە پلیکانە بەردچینەکانی بەردەمی پەرستگا[98] بەرەو قەڵا و خودی قەڵا، تا دەگاتە گڵەجانێ لە داوێنی ڕۆژهەڵاتی قەڵا و 'کێلەشین'ی هەندێک ئەولاتر لە بەشی ڕۆژهەڵاتی باکوور.

دوکتۆر ڕەجەبی لە درێژەدا دەنووسێت: *"پەرستگاکانی ئەناهیتا سامانێکی زۆریان هەبووە و هەندێک پەرستگای گەورەی وەک ئەوانەی شاری 'کەنگاوەر' و 'هەمەدان' جیا لەو پێشکەشییانەی وا بۆیان بردوون، خاوەنی زەوی وزار و گوندیش بوون [مەوقووفە] و ئەگەری ئەوە هەیە کۆیلەشیان بووبێت کە بۆ دابین کردنی خواردن بۆ پیاوە ئایینییەکان و مجێورەکانی پەرستگە، لە سەر ئەو زەویوزارە کاریان کردبێت."* [99]

من بۆ مەسەلەی کارکردنی بێ حەقدەست لە پەرستگا ئایینییە کۆنەکانی ناوچەی بۆکانیش بۆچوونێکم هەیە و دەمەوێت دەست نیشانی خانەقای شێخان لە بورهان و زەنبیل بکەم، کە سۆفی و موریدەکانیان ساڵانە لە ڕێگای دوور و نزیکەوە دەچنە زیارەتیان و ماوەی مانگ و دوو مانگ و زیاتریش کاری بێ حەقدەستی وەک دروێنە و کۆڵ کێشان و خاوێن کردنەوە دەکەن. ئەو نەریتە نابێ بێ بنەما و پێشینەیەک بێت کە دوکتۆر ڕەجەبی لە باسی پەرستگاکانی ئاناهیتا و کاری کۆیلەکاندا هێناویەتە گۆڕێ. ئاشکرایە کارەکە دەبێ سەدە و ساڵانێکی زۆر بێت بیچمی خۆبەخشانەی بەخۆیەوە گرتبێت و کۆیلایەتی بە واتا کلاسیکەکەی نەبێت، بەڵام خەسلەتی کارەکە هەر یەکە و لە هەردوکیاندا حەقدەستێک بەرانبەر بە کارکردن نییە و هەردوکیان بۆ ڕەزامەندیی یان لە پێناو خودادا دەکرێن. ئەوەش جیا لە

[98] . ئەو ڕیزە پلیکانە بەردینە، تا سەردەمێکیش کە من لە بۆکان بووم (سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم)، هەر مابوو، کە خەڵکی لە سەر حەوزەگەورە و بەردەم مزگەوتی جامیعەوە دەگەیاندە ناوقەدی قەڵا. بە بۆچوونی من پێش ئەوەی لە سەردەمی سەیفەددین خاندا دەست لە شوێنەکە وەربدرێت و لەوێوە پلیکانی لە بەردی سپی تاشراوی تا بەرزایی قەڵا بۆ دابنرێت، ئەو پلیکانە مێژووییەی جێگەی باسی من، لەوێشەوە تا بەرزایی قەڵا درێژەی ببوو. پلیکانی جێی باسی من، لە بەردی بچووک بچووک دروست کرابوو و پانابیەکەی دەگەیشتە دوو میترێک.
[99] . ڕەجەبی، دوکتۆر پەرویز، هەمان، ل. ٣٥٥.

مەسەلەی گشتیی عیرفان و سۆفیایەتی لە ناوچەکە نییە، کە هەر خۆی دەکرێت ڕیشەی لە میترائیسمدا بێت و لە سەردەمی زاڵبوونی ئیسلامدا ڕەنگی ئیسلامیی بە خۆیەوە گرتبێت. هەویری ئەم بابەتە ئاوی گەلێک زۆر هەڵدەگرێت و دەبێ لە کتێبەکەدا زیاتری لێ بدوێم.

هەروەها سووکە ئاماژەیەک بە جەژنی 'یەڵدا' یان شەوی یەڵدا دەکەم کە دوایین ڕۆژی پایز و شەوی یەکەم ڕۆژی زستانە و دەگوترێ لە پەیوەندی ئەناهیتادایە. تەفسیلاتی ئەویش هەڵدەگرم بۆ ئەسڵی کتێبەکە و لەوێدا زیاتری لەسەر دەڕۆم.

# چوارەم، سەردەمە مێژووییەکان

## سەردەمی ماد و هەخامەنیشی

دوای هاتنی ئارییەکان و سەرهەڵدانی ئایینی زەردەشتیش، کتێبی پیرۆزی زەردەشتییەکان (ئاڤێستا)، باسی لە ئەناهیتا (ناهید) کردووە. بە گوێرەی ئیبراهیم پوور داود، *"ناهید یەک لە ئێزەدەکانی ئایینی مەزدیسنا بووە و وەک فریشتەی ئایینەکانی دیکە، لە عیبادات و ڕێ ورەسمە ئایینییەکاندا ڕێزی لێ گیراوە."* [100] لە یەشتی پێنجەم لە 'یەشتەکان' ی ئاڤێستا ('یەشتی ئاوەکان')دا، باسی گەورەیی و جەلالی فریشتەی خاوەنی ئاو دەکرێت کە ناهید (ئەناهیتا) بێت.
بەڵام زانیاری ئێمە سەبارەت بە ئەناهیتا ی سەردەمی ئارییەکان بە تایبەت دوای هەخامەنیشییەکان(٥٥٠ تا ٣٢١ی پ. ز.) لە ساڵانی پێش ئەوان زیاترە. 'ڕۆمەن گیرشمەن' دەڵێ: *"ئیمپڕاتۆریەتی هەخامەنیشی لە سەر بنەمای ئایین دانەنرابوو، وەک ئەوەی بۆ نموونە، لە سەردەمی خولەفای عەبباسیدا وا بوو... [لەگەڵ ئەوەشدا]، ئایینی ئاناهیتایی بە فەرمی لە لایەن ئەردەشیری دووهەم جێگری داریوشی هەخامەنیشییەوە ڕاگەیێنرا بەو ئامانجەی کە ببێتە ئایینی سەرانسەریی هەموو خەڵکی ئیمپڕاتۆریەتەکە."* [101]

سەبارەت بە تەعبیری 'فریشتەی خاوەنی ئاو' کە لە نووسینی پوورداود دا هاتووە، دەبێ بڵێم 'خاوەنی ئاو' یان 'خواوەندی ئاو' یا 'ساحێبی ئاو' لە کوردستان و لە ناوچەی بۆکان، تەعبیرێکی بێگانە نییە و ناسیاوی گوێی هەمووانە. خاوەنی ئاو وەک 'ئاڵ' لە بیروبۆچوونی ئێستای خەڵکی ئاساییدا چەمکێکی نیگاتیڤە و شتێکی ترسێنەر وەک جندۆکەیە بەڵام هەر لە پەیوەندی دیاردەی ئاودا ماوەتەوە و بە گوێرەی بۆچوونەکە، 'ساحێبی ئاو' کەسێکی باڵابەرزی سپی پۆشە کە لە لێواری حەوز یان ڕووبار

---

[100]. پورداود، ابراهیم؛ یشت ها (1)، ل. ١٧٣

[101]. Roman Ghirshman, Vladimir Minorsky, Ramesh Sanghri; „Persia- The Immortal Kingdom“, Draphic Society, New York, P. 42 & 87.

ڕادەوەستێت. دوور نییە ئایینە نوێترەکان وەک زەردەشتایەتی یان ئیسلام بۆ دوورخستنەوەی خەڵک لە پیرۆزکردنی خودای ئاو واتە ئاناهیتا، ئەو ناو وناتورە خراپەیان خستبێتە شوێنی و ئیتر بە درێژەی سەدە وساڵ، وەک گەلێک خورافەی ئایینەکانی تر، چووبێتە ناو میشکی خەڵکەوە. تەنانەت لەو باسەشدا دەبینین خاوەنی ئاو سپی پۆشە ورەنگی سپیش ڕەنگی پاکی و بێگەردییە کە ئەناهیتاش ژن- خودای پاکی و بێ خەوشییە.

پوورداود دەنووسێت: *"لە 'وردە ئاڤێستا'شدا کە بەشێکی دیکەی ئاڤێستا پێک دەهێنێت، ناوی دۆعای چوارەم، 'ئابان نیایش' واتە دۆعای ئاوانە و لە یەشتی ئاوان وەرگیراوە. ئەو دۆعایە لە کاتێکدا دەگوترێتەوە کە لە لێواری ڕووبار، سەرچاوەیەکی ئاو، یان ئاوهەڵدێرێک وەستا بن."* [102] هەر ئەو دەڵێت: *"بە وتەی 'شفتلویتز' زانای ئاڵمانی، لە ئەفسانەیەکی ئیسلامیدا ناوی ئەستێرەی زوهرەیان ناوە 'بذوخت ئەناهیذ'؛ ئەو وشەیە لە 'بەغ دوخت ئەناهیت'ەوە هاتووە و واتای ناهیدی کچی بەغ (خودا) دەدات."* [103] بەگشتی، *"لە ئاڤێستا و ئایینی زەردەشتدا هیچ ئێزەدێک بەڕادەی ئەناهیتا بە گەرمی و خۆشەویستییەوە باسی لێوە ناکرێت."* [104]

پوورداود ئاماژە بە بۆچوونێکی 'سیر هێنری ڕاولینسن'یش دەکات و دەنووسێت: *" هەندێک لە زانایان وای بۆ دەچن کە مێژووی پەرستگاکەی هەمەدان [پەرستگای ناهید] دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هوەخشەترە دووهەمین شای ماد (٦٢٥ ــ ٥٧٥ پ. ز) یان ئازدیاگی جێگرەکەی (؟).... ئیزیدروس خراکس- جوغرافیا نووسی یۆنانی لە دەوروبەری ساڵی ٣٧ ی زاییندا ژیاوە، سەردانی هەمەدانی پێتەختی مادەکانی کردووە و باسی لە خەزێنە و پەرستگای ئەوێ و پەرستگای ناهید لە کەنگاوەری کردووە."* [105] وەک گوترا، بە گوێرەی سەرچاوەکان، دوای ماد (٧٠٥ ــ ٥٥٠ پ. ز)، لە سەردەمی هەخامەنیشییەکانیشدا (٥٥٩ ــ ٣٢١ پ.ز) ئەناهیتا ڕێزی لێ

---

[102] . هەمان، لل. ١٥٨ و ١٥٩.
[103] . هەمان، ل ١٦٦.
[104] . رجبی، دکتر پرویز؛ هەمان، ل. ٣٤٥.
[105] . هەمان، ل. ٤٦٩

گیراوە و *"شاهانی هەخامەنیشی ئەناهیتایان وەک ئەهورامەزدا و میترا ستایش کردووە*[106] *و ناوی ئەو بۆ یەکەم جار لە بەردنووسەکانی داریوشی دووهەمدا، لە شووش و هەمەدان دەرکەوتووە کە تێیاندا ئەناهیتا ڕاست دوای ئەهورامەزدا و پێش میترا ناوبردە کراوە."* [107] ئەوەش لە کاتێکدایە کە*"سەرەڕای هەموو توێژینەوە و بناوان کۆڵینەوەیەک، تا ئێستا بە ڕوونی دەرنەکەوتووە ئایینی هەخامەنیشییەکان چی بووە."* [108]

---

[106] . گویری، سوزان؛ هەمان، ل.١٧.

[107] . هەمان، ل. ٦.

[108] . رضی، هاشم؛*"تاریخ مطالعات دینهای ایرانی- دینهای آریایی، مغان، مادی، هخامنشی، زروانی، میترایی، زرتشتی..."* ، سازمان انتشارات فروهر، تهران ١٣٦٦ [١٩٨٧]، ص. ٢٠.

## سەردەمی ئەشکانی (٢٥٠ پ.ز – ٢٢٦ ز)

بە گوێرەی سەرچاوەکان *"لە سەردەمی ئەشکانیدا (٢٥٠ پ.ز. تا ٢٢٦ ی زایینی) ئەناهیتا لەگەڵ ئەهورامەزدا و میهر (میترا) ستایش کراوە."* 109 بۆ نموونە، *"لە سەردەمی ئەشکانیاندایە کە ئاناهیتا و میترا دەگەنە لووتکەی دەسەڵاتی فەرمی و هاوڕێ لەگەڵ ئەهورا مەزدا 'سیانە'یەکێک دەهێنن."* 110

سەبارەت بەو 'سیانە'، یان 'ترینیتی' یە، نووسەرانی کتێبی هەترا (حضرا) دەڵێن: *"لە شاری 'حەزرا' دا باوەڕ بە تثلیثی شیمیش، سەن و عەشتار (هەتاو و مانگ و ناهید) هەبوو بەڵام هەرسێکیان لە وجوودی یەک خودادا کۆ نەدەبوونەوە و نەدەبوون بە یەک."* 111 کە ئەوەش پەسندێکە بۆ هەبوونی 'تثلیث' ی ئاناهیتا- میترا- مەزدا لە لای ڕۆژهەڵاتی خاکی ئەوان واتە لە کوردستان و ئێرانیش. گیرشمن لەو بارەیەوە دەنووسێت: *"گەرچی پەرستنی سیانەی ئەهورا مەزدا – میترا – ئەناهیتا لە سەردەمی پارتی [ئەشکانی] یەکانیشدا بەردەوام بوو، سیستەمی ئایینی ئەناهیتا گەلێک زوو ڕێبەرایەتی کارەکەی بەدەستەوە گرت بەشێوەیەک کە هەموو ئەو پەرستگایانەی وا لە دەقە مێژووییەکاندا ئاماژەیان پێ کراوە، پێشکەش بەو کراون."* 112 'ڕەجەبی' ش لە درێژەی ئەو باسەدا دەڵێ: *"پێشتر هەموو پەرستگەیەکی ئێرانی لەو سەردەمەدا پێشکەش بە ئەناهیتا کراون.... و بنیات نانی پەرستگەی شیز [لە تەختی سولەیمانی ڕۆژهەڵاتی بۆکان] یش دەدرێتە پاڵ مادەکان، بەڵام تەنانەت ئەگەر لە سەردەمی مادیشدا هی ئەناهیتا نەبووبێت، تایبەت کرانی ئەو بە ناوی ئەناهیتاوە لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا، دەورێکی گرنگ دەبینێت... لە سەردەمی ئەوانەوەیە کە*

---

109 . گویری، سوزان؛ هەمان، ل. ٦.

110 . رجبی، دکتر پرویز؛ پێشتر، لل.٣٥٦

111 . سفر، فوئاد و مستەفا، محەممەد عەلی؛ پێشتر، لل. ٧٢ تا ٧٤.

112 . Ghirshman, Roman; “Iran- Parthians and Sassanians”, Translated [into English from French] by Stuart Gilbert and James Emmons, Thames and Hudson , USA, 1962, P. 89.

*دروست کردنی پەرستگەی سەرداپۆشراو لە ئێراندا دەبێتە باو... دوایین ڕاپۆرتێک کە سەبارەت بە ئەناهیتای سەردەمی ئەشکانیمان هەیە هیساڵی ۲۲٤ یان ۲۲٦ ی زایینییە".* [113]

**بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی بۆکان و پەیوەندیدانی بە ئەناهیتاوە، پێویستە لەبیرمان بێت کە سەردەمی ئەشکانییەکان لووتکەی پەرستنی ژن- خودای ئەناهیتا بووە و لای کەم یەک سەرچاوەش بە دەست ئێمەوە هەیە کە قەڵای بۆکان بە شوێنەوارێکی سەردەمی ئەشکانی دەزانێت.** [114] **پەرستگاکانی ئەناهیتا لە سەردەمی ئەشکانیاندا سەرداپۆشراو و چوارگۆشە بوون. مزگەوتی بۆکانیش چوارگۆشەیەکی تەواوە، هەروەها لە دوولاوە بە ئاوی جاری دەوردراوە کە ئەوە خۆی گرنگایەتیی ئاو لە ئایینی میثراییدا دەسەلمێنێت و ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوە کە پەرستگاکانی میترایی لە لێواری ڕووبار یان کانیاوێکی جاری دروست دەکران، ئاوی حەوزەگەورە لە دوولاوە جارییە و خوڕێنکیش دەبێتە لای سێهەمی و دوانیان لە مەودایەکی چوار پێنج مەتری بەردەمی پەرستگاکەدان و خوڕێنکیش تەنیا ۳۰ یان چل مەترێکی لێوە دوورە.**[115]

---

[113] . رجبی، دکتر پرویز؛ پێشتر، لل.۳٥٦ تا ۳٥۹.

[114] بڕوانە: افخمی، ابراهیم، پێشتر

[115] حەوزەگەورە لە ڕاستیدا کانیاوێکە ئاو وەک زنە لە ژێری سەرهەڵدەدات. و خوڕێنکیش هەر بەشێک لەو ئاوەیە کە لە ژێر زەویدا لێک جیا دەبنەوە.



**ئەم وێنەیە سەرچاوەی کارە هونەرییەکەی مامۆستا 'عوسمان موبارەکی' یە وا لە لاپەڕە دووهەمی ئەم وتارەدا دەبینرێت. بە داخەوە خاوەن و ساڵی هەڵگرتنی وێنەکە نازانم بەڵام دەبێ لە ساڵانی ٤٠ ی هەتاوی (٦٠ ی زایینی) دا هەڵگیرابێت**

***

دەگەڕێمەوە سەر باسی پەرستگا میتراییەکان. ڕەجەبی لە درێژەی باسەکەیدا دەنووسێت: *"گەڵاڵەی سەرەکی ئەم پەرستگایانە [ی سەردەمی ئەشکانی] بریتی بوو لە تەلارێکی چوارگۆشە، کە لە هەرچوارلاوە دەرگا بەرەو ڕەواقێک دەکرایەوە و پلیکانێک لە پانتایی دیوارەکەدا دادەنرا، کە دەگەیشتە سەربان ئەو شوێنەی وا ئاورگە و شوێنی کوشتاری حەیوانی قوربانی لەوێ هەڵکەوتبوو... بە تەنیشت پەرستنگەکانەوە شوێنی تایبەت بە نیشتەجێ بوونی ڕۆحانییەکان دابین دەکرا.... هەروەها ژووری داخراویشیان هەبوو کە لەوێدا ئاگری پیرۆز بە بێ دووکەڵ و لەسەر خۆڵەمێش دەگرا."* 116

شوێنایەتی مزگەوتی جامیعی ئێستا و لە ڕاستیدا پەرستگا مێژووییەکە بە شێوەیەکە کە لە هیچ لایەکەوە دەرەتانی گەورەبوونەوە و شێواندنی بیچمە

116 . ڕەجەبی، هەمان، ل. ٣٦٨؛ هەروەها گیرشمەن، ڕۆمەن، ١٩٦٢، ل. ٥٨.

چوارگۆشەکەی گونجاو نییە. لە دوولای باکوور و ڕۆژهەڵاتەوە گرد و بەرزایی قەڵا و داوێنی باشووری قەڵاکەیە،کە دەبێ پێش دروستکرانی پەرستگاکەش هەر بووبێت (چ سروشتی، چ توورەکەڕێژ)، لە دوو لای دیکەشەوە ئاوە (حەوزە گەورە خۆی و جۆگەلە ئاوی بەری ڕۆژهەڵاتی کە دوای تێپەڕ بوون بە بەردەمی پەرستگاکەدا بەرەو باشوور دەئاژوێت).



وێنەی حەوزە گەورە و مزگەوت
وێنەکە لە سەر قەڵاوە هەڵگیراوە. ئەو بەشەی مزگەوت کە کەوتۆتە لای قەڵا (لە منارەوە بەرەو لای ئەو سێ کەسەی وا کەتوونەتە ناو وێنەکەوە) درەنگتر لە ساڵانی ٣٠ (٥٠ ی زایینی)دا دروست کرا و خرایە سەر بەژنی سەرەکی مزگەوت؛ دەنا لە ڕاستیدا مزگەوت هەر ئەو بەشە بوو وا هەشت گومبەزی لە سەر سەربانەکەی قوت بوونەتەوە و وەک دەبینرێت، چوارگۆشەیەکی تەواوە

## سەردەمی ساسانی (٢٢٤ -٦٥٢ ز)

ئەو زانیارییانەی سەرەوە سەبارەت بە پێگەی کۆمەڵایەتی- ئایینی ژن-خودای ئەناهیتا بوون پێش سەردەمی ماد و درەنگتر لە دەورەی حکوومەتی ماد و هەخامەنیشی و ئەشکانیدا. ئێستا با بزانین لە حکوومەتی ساسانیدا ئەناهیتا لە چ پلە وپایەیەکی پەرستندا بووە.

پەرویز ڕەجەبی دەنووسێت: "ئەناهیتا لە سەردەمی ساسانیشدا ئێزەدێکی[117] خاوەن دەسەلات بوو و ئیتر لەو قۆناغەدا ئایینی ئەناهیتایی بە بەژنی ئایینی زەردەشتەوە لکاوە."[118] *"بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە ساسانیەکان ڕێزیان لە ناهید (ئەناهیتا) دەگرت و بە پارێزەری زنجیرەی خۆیانیان دەزانی، دەوری ئەو ژن- خودایە لە بەردنووسەکاندا گەلێک گرنگ بووەوە و زووربەی جار، یان وێنەیان دەکێشایەوە یان بەهۆی پەیکەرێکی بەردینەوە لە لێواری جۆگە و ئەستێری ئاو، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ستایشیان دەکرد. ئەناهیتا 'فەڕ' ی دەبەخشی و گوڵی لێلوپەڕ[119] نیشانەی ئەو بوو."* [120]

**هەندێک کانیاو و چاک (شەخس یان شەخسە پەڕۆ) ش لە کوردستان هەن، کە ئێستا ناوی سەحابەی ئیسلامییان بە سەرەوەیە، بەڵام دەبێ پاشماوەی پەرستگا کۆنەکانی پێش ئیسلام و تەنانەت پێش زەردەشتایەتیش بن لەبەر ئەوەی بیروباوەڕی زەردەشتایەتی ئەو بوعدەی نییە و لە ئایینەکەدا گرنگایەتی یەکەم بە ئاگر دەدرێت نەک بە**

---

117 . لەو سەردەمەدا، ئێزەد پلەیەک لە خودا نزمتر بووە. ئەنوەر

118 . ڕەجەبی، د. پەرویز، هەمان، ل. ٣٦٠.

119 . گوڵی لیلوپەڕیش وەک شەست پەڕ لە هەندێک شوێنی کوردستان لە سەر گۆڕی ئازیزان دادەنێن.

120 . سودآور، ابوالعلاء؛ *"فره ایزدی در آیین پادشاهی ایران باستان"* ، نشر نی، تهران ١٣٨٤، ص. ٨٣

فەڕ یان فەڕە، عەتا یان جیلوەی خوداییە و کەسێک بە خاوەنی دەبێت کە گەیشتبێتە ڕادەیەک لە کەماڵ (ویکی پێدیای فارسی).

واتای پێچەوانەی ئەم وشەی 'فەڕ' ە لە زمانی کوردیدا وەک 'بەدفەڕ' ماوەتەوە و گەیشتۆتە سەردەمی ئێمەش. بەدفەڕ دەبێ کەسێک بێت کە 'فڕە ئێزەدی' نییە. ئەنوەر

**ئاو و چاک و شەخسە پەڕۆ. ناوی ئەو شوێنانە دەبێ دووجار تووشی گۆڕانکاریی هاتبێتن: یەکەمجار دوای هێرشی ئارییەکان و دووهەمجاریش دوای سەرهەڵدانی ئیسلام لە ناوچەکە و سەرەڕای ئەو دوو شەپۆلە بەهێزەی کە بەسەریاندا تێپەڕ بووە، هێشتا پیرۆزایەتییەکەی پێشووی خۆیان لە بیروبۆچوونی خەڵکدا پاراستووە. ئەوەش ڕاستییەکی هەمەگیری جیهانییە کە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا سەرخانی فەرهەنگی (باوەڕ و ئایین و داب و نەریت)، گەلێک تەمەن درێژتر لە ژێرخانی ئابووری و سیستەمی سیاسین و دەست بەجێ دوای گۆڕانی سیستەمی سیاسی تووشی گۆڕان نایەن.**

**کە وابوو، لای کەم بەشێک لە چاک و زیارەتگەکانی ئەمڕۆی کوردستان پێشینەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێک کە ئاو و کانیاو پەیوەندیان بە ژن- خودای ئەناهیتاوە بووە و ئەمڕۆ باوەکوو ئایینەکە خۆی نەماوە بەڵام نەریتەکە و پیرۆزایەتی کانیاوەکە لە ناو خەڵکدا هەر ماوە. بۆ نموونە، کانیاوی 'بابە قەتار' و 'باوەگوڕگوڕ' کە لە زۆرشوێنی کوردستان هەن و نموونەیان بابە قەتاری نزیک گوندی خۆراسانەی (سەر ڕێگای بۆکان بۆ مەهاباد) و باوەگوڕگوڕی لای گوندی سلێمانکەندیی (نێوان سەقز وبۆکان)ن[121]. هەندێک خەڵکی ناوچەکە ئێستاش ئاوی بابەقەتاری خۆراسانە بۆ چاکبوونەوەی کۆخە بە تایبەت کۆخەی منداڵان بەکار دەهێنن.[122]**

[121] . باوەگوڕگوڕی ناسراوی کەرکووکیش نابێ لەبیر بکرێت.

[122] . بۆ دۆزینەوەی وجە تسمیەی ئەو ناوانە و گەلێک ناوی دیکەی ناوچەکە، خراپترین شێواز ئەوەیە پەیوەندیان بە زمانی ئێستای خەڵکەوە بدرێت. نموونەی کارەکە ئەو کەسانەن وا بۆ نموونە، دەڵێن هەورامان 'هەورئاما' بووە و کاتێ کە هەور هاتۆتە سەر ئاسمانی ناوچەکە، کەسێک هاواری کردووە هەور ئاما! یان ناوی کۆماسی لەوەوە هاتووە کە خیگە ماستیان کۆکردۆتەوە و داویانە بە شەڕکەران لەگەڵ خۆیاندا بیبەن و ئەو خیگە ماستانە ئەوەندە زۆر بوون وەک کێوێکیان لێ هاتووە و بۆیە بەو خەڵکەیان گوتووە کۆماسی! لە ڕاستیدا ئەو وشانە بنەمایان لە زمان و بیر وباوەڕێکی کۆنی چەندهەزارساڵەدایە و خودی زمانەکان سەدان و هەزاران ساڵە فەوتاون. تاقە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لەو وشە نەناسراو و نامۆیانە، بردنەوەیانە بۆ سەر دیاردە کۆنەکان و

## پێنجەم، بۆچوونی مێژوو نووسان

ئێستا دەبێ بچینە سۆراغی مێژوونووسان و بزانین ئەوان لەمەڕ مێژووی سەردەمی خودایەتی بەغ و خودایانی دیکەی پێش ئەهورامەزدای زەردەشت دەڵێن چی و ناوچەی بۆکان و دەوروبەرەکەی تا تەختی سولەیمان و گەنجەک و ئاورگەی شیز، لەو سەدەو ساڵانەدا شایەدی چ ڕووداو و شەڕ و کارەساتێک بوون.

مینۆرسکی دەڵێ *"شوێنی گرنگی تەختی سولەیمان تەنانەت لە سەردەمی پێش ئاری و بەر لە دەورەی میدییەکانیش سەرنجی زۆری خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. تاقمێکی ئەمریکایی لەو شوێنەدا ژمارەیەکی زۆری سواڵەتی نەخشاوی پێش مێژوویان دیتۆتەوە."* [123]

دەزانین تەختی سولەیمان واتە گەنجەک (یان 'گەنزەک') و بە هەمان شێوە، ئاورگەی هەرە گرنگی 'شیز' یش لە بن گوێی بۆکاندا بوون و بە شێوەیەکی سروشتی دەبێ بۆکان کارتێکەریی زۆری ژیانی ئایینی- فەرهەنگی ئەو شوێنانەی لەسەر بێت. ناشبێ لەبیرمان بچێت کە بۆکان و شیز و گەنجەک (تەختی سولەیمانی ئێستا)، لە هەموو ماوەی دوور و درێژی پێش دامەزرانی حکوومەتێک بە ناوی ئێران، خاوەنی سیستەمێکی سیاسی-کۆمەڵایەتی بوون و بەشێک بوون لە حکوومەتی گۆتی و ماننا. دوای بنیاتنانی حکوومەتە ئێرانییەکان وەک ماد و هەخامەنیشی و ئەشکانی و ساسانییش گرنگایەتی ئەو شوێنانە بە هەندێک هەڵکشان و داکشانەوە وەک خۆی مایەوە و هەتا هێرشی عەرەب بۆ سەر ناوچەکە درێژەی کێشا، هێرشێک کە وەک بولدوزێر هەموو دیاردەیەکی فەرهەنگیی خەڵککەکەی

---

توێژێنەری زانا ئەگەر بتوانێت و نیشانە و سەرەپەتێکی مێژوویی دەست بکەوێت، دەبێ بیانگەڕێنێتەوە سەر بنەما کۆنەکەیان.

[123] . ڤلادیمیر مینۆرسکی، "لەشکرکێشانی ڕۆمی و بیزانسییەکان بۆ سەر ئاترۆپاتەن"، کتێبی "مینۆرسکی و کورد"، وەرگێڕانی ئەنوەر سوڵتانی، چاپی دووهەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٦، ل. ١٠٧.

وێران کرد، ڕاست وەک داعشی ئەمڕۆ و ئەوەی وا لەگەڵ پالمێرا و شوێنەوارە گرنگە مێژووییەکانی کرد.

با چاوێک بەو شوێنەوارانەدا بخشێنین کە کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی بۆکان و لە مێژوویەکی دووروودرێژی چەند سەدەییدا ناوەندی گەورەی ئایینی-سیاسی بوون نەک هەر لە ناوچەکە بەڵکوو بۆ سەرانسەری ئێران و تەنانەت بۆ دراوسێی وەک یۆنان و ڕۆمی ڕۆژهەڵاتی (بیزانس).

خاڵی سەرەکیی بۆچوونەکانی من لێرەدا، جگە دوای ڕاگواستنی زانیاریی سەرچاوەکان سەبارەت بە شیز و گەنجەک، ئەوەیە کە ناگونجێت ئاورگەیەکی گرنگ وەک شیزی ئازەرگوشنەسەب لە بن گوێی بۆکاندا بووبێت و شاهانی ئێران لە تیسفوونەوە بە پێیان هاتبێتنە زیارەتی و لەشکری یۆنان و ڕۆم هاتبێتنە سەر شوێنەکە و شەڕ وپێکدادانی بەردەوامی دوو سوپای ڕۆم و ئێران هەر لە سەر سنوورەکانی ڕۆژئاواوە تا گەنجەک (گەنزەک) ی خەزێنەی جەواهیراتی شاهانی ئێران ڕوویاندابێت، بەلام بۆکانی سەرەڕێی ئەو سوپایانە لەو ڕووداوە سوپایی- سیاسی- ئایینییانە دوورەپەرێز بووبێت. بە بۆچوونێکی ئەوتۆوە، لە نەبوونی نیشانە ئیمارەی ڕاستەوخۆ لە مێژووی کۆنی بۆکان، باڵی ڕووداوە مێژووییەکانی ناوچەکە دەکێشمە سەر بۆکان؛ هۆکارەکەشی ڕوونە: ئەگەر سوپای یۆنان و ڕۆم لە سنووری ڕۆژئاواوە هاتبنە سەر شیز و گەنزەک، ئاشکرایە دەبێ بە بۆکاندا تێپەڕ بووبێتن و ئەگەر سوپای ئێرانیش چووبێتنە بەرگریی ئەو لەشکرانە، هەر دەبێ دوای شیز و گەنزەک، بە بۆکاندا وەربووبێتن.

نزیکایەتییەکی جوغرافیایی ئەوتۆ لە یەک چوارچێوی سیاسیی دیاریکراودا، ئاشکرایە دەبێ هاوبیریی خەڵکەکەش بەرهەم بێنێت و هەربۆیەش بۆکان و قەلاکەی و پەرستگاکەی وەک درێژەی فەرهەنگ و باوەڕی ناوچەی شیز سەیر دەکرێت و نەک هەر درێژەی ئەویش بەڵکوو تەنانەت لە سەردەمی پێش هاتنی ئارییاییەکان بۆ ناوچەکە، گرنگتر لەویش. بە بۆچوونی من شیز لە سەردەمی ئارییەکان و زەردەشتایەتیدا گرنگایەتی زۆری پەیدا کرد دەنا پێشتر و لە سەدە و ساڵانی زاڵیەتی ئایینی میترایی و

مەزنایەتیی ژن- خودای ئاناهیتادا، دوور نییە بۆکان ناوەندی گەورەی باوەڕەکە بووبێت و ئەوەش لە هەموو ئەو دیاردە فیزیکییانە دەردەکەوێت کە ئێستا پاشماوەیان ماوە و ئەگەر بازاڕی ناسراو بە 'خیابانی کۆن' ئ داوێنی قەڵای بخرێتەسەر، بۆکان دەکەنە شارەدێیەک کە ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی تێدا ژیاون و بازاڕەکەش شوێنی ئاڵوگۆڕی شتومەک و بەرهەمی کشتوکاڵیی زیارەتکارانێک بووە وا لە شوێنی جیاجیای دەرەوەی شارەوە هاتوونەتە زیارەتی پەرستگاکە.[124]

**ئاورگەی شیز**

"'میترا' پێش زەردەشت یەک لە مەزنترین خوداکانی هیند و ئێرانی بوو."[125] بایەخ و گرنگایەتی میترا و بە هەمان شێوە، ئاناهیتاش، دوای زەردەشت هەر مایەوە. "ئەردەشیری دووهەمی هەخامەنیشی لە بەردنووسی هەمەداندا دەڵێ: من ئەم کاخەم بە خواستی ئەهورامەزدا و ئاناهیتا و میترا دروست کرد.... ئەردەشیری سێهەمیش لە سەر دیواری باکووریی تەختی جەمشید (پرس پۆلیس) نووسیویەتی: ئاناهیتا و میترای خودا ئاگایان لە من و ئەم وڵاتە و ئەو شتانە بێت کە من بنیاتم نان." [126]

ئەگەر ئاورگەی شیز لە سەردەمی زەردەشتایەتیدا بووبێتە خاوەنی گرنگایەتی زۆر، کە هەرواش بووە، ئاورگەی زەردەشتییەکان لە سەر خۆلەمێشی پەرستگای ئایینێکی کۆنتر (ئاناهیتا ) دانراوە. ئەوەش

---

[124] . کەسانێک کە شاری ڕۆما، پێتەختی ئیتالیایان چاوپێکەوتبێت، دەبێ پاشماوەی شاری مێژوویی 'ڕۆم'یشیان بینیبێت و بزانن کە ئەوێش و شارە ناوبەدەرەوەکانی دیکەی جیهانی کۆن، لەچاو شاری گەورە و 'سوپەرشار'ەکانی ئێستا لە گوندێکی گەورە زیاتر نوەبوون.

[125] . دکتر پرویز رجبی، "هزارەهای گمشدە"، پێشتر

[126] . هەمان

بەڵگەیەک بۆ پەسندی بۆچوونەکە: *"پاشماوەی پەرستگەیەکی ئاناهیتاش لە وێرانەکانی تەختی سولەیماندا بەرچاو دەکەوێت."*[127]



پاشماوەی شیز

"دەبێ ئەو خاڵە قەبووڵ بکەین کە ڕێزگرتن لە ئاناهیتا و ئاگر پەرستن, سەرەتا لە "شیز" برەوی سەند و ڕێزگرتن لە ئاناهیتاش لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا هەر لەوێوە گەییە ئەرمەنستان، بەڵام ئەو ناوەندە [واتە شیز] بە تێپەڕ بوونی زەمان پەیوەندی لەگەڵ موئبەدان [ی زەردەشتی] و نەریتە ئاوێستاییەکان پەیدا کرد..."[128]

من ئەو "شیز" ەی وا لێرەدا گوتراوە، بە ناوچەی شیز دەزانم کە بۆکانیش بەشێکی بووە و بێگومان دەورێکی مەزنی گێڕاوە لە پەرەسەندی بیر و

---

127. http://iranatlas.info/sheez/sheez_index.htm

128. S Wikander, “Feuerpriester in Kleinasien und Iran”, S. ١٨٠, ١٨١
بابەتەکەم لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە: ن. پیگولوسکایا، "شهرهای ایران در روزگار پارتیان و ساسانیان"، ترجمه عنایت الله رضا، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ سوم، تهران ١٣٧٧ [١٩٩٨]، ص ٤٦٦.

باوەڕی پەرستنی ئاناهیتا  لە ناوچەکە و زۆر واهەیە شوێنی دیکەی دوور و نزیکی خۆی.

هەروەها ئەو ڕادە زانیارییە ی کە ئێستا بە دەستمانەوەیە، وا دەگەیەنێت کە پەرستگای ئاناهیتا لە بۆکان، لە سەردەمیماننایی و پێش ئەو، پەرستگای شار- دەوڵەتێک بووە. ئیرەج ئیسکەندەری لە کتێبی پڕبایەخی "در تاریکی هزارەها"دا کە تەرخانی شارسانییەتی شووش کراوە، دەنووسێت: "دوای سەرهەڵدانی شار- دەوڵەتەکان، یەکەمین ڕێکخراوی دەوڵەتی، شێوازی حکوومەتی ئایینی بەخۆیەوە گرت و حاکمییەت وەک "خەڵاتی خودایی' سەیر دەکرا... پەرستگا کۆنەکان (ی سەردەمی کۆمۆنی سەرەتایی) وەک شوێنی دەرکەوتنی ئیلاهییەتی تایفە یان هۆز، بەشێک لە کۆمۆن بوون و بەو بۆنەیەوە دیاری و پێشکەشی و کاری خۆبەخشانەی ئەندامانی کۆمۆنیشیان پێ دەگەیشت، لەکاتێکدا پەرستگای شاری وەک پاڵپشتی ئەشرافییەتی ئایینی، لە شێوەی هێزێکی ئابووری و سیاسیی حاکم بەسەر کۆمەڵگادا، بەشی زۆری زێدەبەرهەمی کۆمەڵگاکەی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و کۆمۆنی لەبەرژەوەندیی چینێکی دیاریکراودا دەچەوساندەوە. خەسلەتی چەوساندنەوەی پەرستگای شاریی لەژێر ناوی خودای کۆنی ئەودا شاردرابووەوە و خودا هەمان ناوی پێشووی لەسەر بوو."[129]

بەم پێیە، پەرستگای بۆکانیش وەک شیز، باوەکوو دوای هاتنی ئارییەکان پەیوەندی بە ئایینی مەزدیسناوە درابێت و بووبێتە شوێنی موئبەدانی زەردەشتی، بەڵام ناوی خودای ئاناهیتای هەر لە سەر ماوە تا ئەوەی عەرەبەکان هاتوون و تەفرو توونایان کردووە. نیازم ئەوەیە بڵێم ڕابردووی ژیانی شارستانیەت لە بۆکان زۆر کۆنترە لەسەردەمی ئەشکانی و ساسانی

---

[129] . ایرج اسکندری، "در تاریکی هزارەها"، به کوشش علی دهباشی، چاپ دوم، نشر قطره، تهران ١٣٨٠ (٢٠٠١)، صص. ٤٦٢ تا ٤٦٧

کە هەندێک سەرچاوە، مێژووی قەڵاکە دەگەڕێننەوە سەردەمیان (بڕوانە سەرەوەتر).

تەنیا چەند مەترێك لەداوێنی باشووری قەڵا و لە سەرگۆلی مەردانبەگ، ژوورێکی چوارگۆشەی دەستکردی بەردین هەیە، کە بە حیسابی شێوەی تاشین و بیناکردنەکەی، دەبێ شوێنەوارێکی مادی یان ماننایی بێت. ئەو ژوورە ئێستا کەوتۆتە ناو ماڵی یەکێ لە بنەماڵە ناوبەدەرەوەکانی بۆکان و لە سەردەمی منداڵیی مندا دۆزرایەوە، ئەو شوێنەوارە تا ئێستا لە هیچ کوێیەک باسی لێوە نەکراوە و نەناسراوە.

من ئەگەری بەهێزم ئەوەیە شوێنەکە ئەشکەوتێکی میترایی بێت. تایبەتمەندییەکانی ئەو ئەشکەوتە دەسکردانەی وا بۆ پیرۆزکردنی خودای هەتاو (میترا) دروست دەکران لە سەرەوەتردا باسیان کرا؛ کاتێ ئەو تایبەتمەندییانە لەگەڵ هەندێک ڕاستەقینەی فیزیکیی ژوورەکە و مێژووی ناوچە دادەنرێت، دەکرێ بگەینە ئەو باوەڕەی کە لە مەودایەکی دەوروبەری ١٠٠ مەتریی خوڕێنک و حەوزەگەورەدا ئەشکەوتێک بۆ پەرستنی میترا و تیشکی هەتاو داتاشرابێت. ئەشکەوتە میترایییەکان کە گابارەشیان پێدەگوترێت، بۆ کوشتن و قوربانیکردنی گا کەڵکیان لێ وەرگیراوە.[130] ئەفسانە و ئوستوورەی شەڕی گامێشی نێر واتە کەڵ لەگەڵ شێریش مێژوویەکی گەلێک کۆنی هەیە و لە مەلحەمەی 'گیلگامیش'ی ئاشووری هەروەها لە شوێنەوارە هونەرییەکانی ئەو سەردەمەدا کە لەسەر بەرد تاشراون، ماونەتەوە. بەیت یان بەندێکی کوردیش بەناوی کەڵ و شێر هەیە کە گەیشتۆتە سەردەمی ئێمە[131] وەک بزانم هەندێک شوێنیش هەن بە ناوی کەڵ و شێرەوە کراون کە یەکیان لە دەوروبەری گوندی 'قەڵای ڕەسووڵە سیت' ی سەرچۆمی مەجیدخانە لە نێوان بۆکان و میاندواو.

130 . ئەوەی دەگوترێ گا، نازانم گا و مانگا هەردوکیانن یان خود هەر گایە؟ لە ئینگلیزی و فارسیدا ڕەسم وایە بەهەردوکیان هەر گا دەگوترێت مەگەر کەسێک بیەوێت زۆر لە مەسەلەکە وورد بێتەوە و بڵێ گای نێر یان مێ.

131 https://soundcloud.com/hedi-jh-2/o8jjsblxwhr7

سەبارەت بە ئەشکەوت یان ژووری لەبەرد تاشراوی بۆکان دەبێ بڵێم خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە ئەودەمەی وا من چاوم بە ئەشکەوتەکە کەوتووە (٥٥ ساڵێک پێش ئەمڕۆ)، تا ناوقەدی ژوورەکە، ئاوی تێدا بوو. بە ئەگەری زۆر، ئەو ئاوە ساڵانێکی درەنگتر، لە شوێنی دیکەوە دزەی نەکردۆتە ناو ژوورەکە، لە بەر ئەوەی مەودایەکی ٢٠-٣٠ مەتری زیاتری تا ئاوی گۆلی مەردانبەگ نییە و لەوەش زیاتر، ئاوی جۆگەلەی لە خوڕێنکەوە سەرچاوە گرتوو بە بن دیواری ماڵەکەدا تێدەپەڕێت.

کاتێ دەچینە باسی ئەو چەشنە بینایانە لە ناوچەکە، دەبێ دەست نیشانی گردی ئاوایی 'قەڵایچی' و ئەشکەوت یان بینایەی بەردینی 'ئاغجەیوان' و 'بی بی کەند' و 'فەرهادتاش'ی گوندی سماقان و زۆر شوێنی دیکەی بکەین کە لەباری بینا درووستکردنەوە، شوێنەواری مادی و پێش مادین و پەیوەندی شار و ناوچەکە بە سەردەمێکی کۆنتر لە ئەشکانی و ساسانییەوە دەدەن، سەردەمێك  کە خودای 'ئەهورامزدا'ی زەردەشتییەکان هێشتا جێی خودای 'بەگە' یان 'بەغ' ی نەگرتبوەوە و تەنانەت کاتێ ئایینی زەردەشتیش بڵاوبوەوە، ڕێز و ئیحترامی خودای 'بەگە' لەجێی خۆی هەرمابوو لە ئەنجامدا نیازێك بە گۆڕینی ناوی ئەو شوێنەی وا لە پەیوەندی خودای بەگەدا ناوانرابوو (بۆکان) نەبوو و ناوەکە لە سەردەمی زەردەشتایەتی و دوای ئەویشدا هەر لە سەر شارەکە مایەوە و نەگۆڕا.

سەبارەت بەو ئاڵوگۆڕەش وا بەسەر وشەکەدا هاتوە و لە 'بەغان' و 'بەکان' ەوە بۆتە 'بۆکان، دەبێ بگوترێ سوانی پیتێکی کۆنسنانت یان گۆڕانی پیتێکی ڤاوڤێل لە سەر زمانی خەڵک شتێکی ئاساییە و وشەی کۆن بە تێپەڕ بوونی زەمان ئاڵوگۆڕی زۆر لەوەزیاتریشی بەسەردادێت بەتایبەت لەمێژوویەکی دوورودرێژی چەند هەزار ساڵە . لێرەدا پێویستە ئاماژە بەنوکتەیەك بکریت: ئازەربایجانییە تورک زمانەکانی ناوچەی موکریان و تەورێز، ئێستاش ناوی 'بۆکان' بە شێوەی 'بەکان' دەبەن و ئەوەش دوور نییە ڕیشەی لە مێژوویەکی کۆندا بێت و ئەگەر ناوەکە لە ناو کورداندا، بەپێی باردۆخی تایبەتی زمانی کوردی گۆڕابێت، لەزمانی ئازەربایجانی و

دوورنییه لەزمانی 'ئازەریی کۆن' یشدا[132]، هەر شێوەی کۆنی خۆی پاراستبێت. بەداخەوە زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەر زمانی ئازەریی کۆن بەدەستەوە نییە تا یارمەتی باسەکەمانبدات.

## ناوچەکە بەگشتی

لە کۆتاییدا، بۆ چەسپاندنی بۆچوونەکان لەمەڕ بنەچەکی ناوی بۆکان و دەورێک کە لە پەرەسەندنی ئایینی میثرایی و برەو پێدانی باوەڕ بە ژن-خودای ئاناهیتا دا بینیویەتی، پێویستە ئاوڕێك لە ڕووداوە مێژووییەکانی ناوچەکە بدەینەوە.

ئاورگەی 'ئازەرگوشەسب' یان 'ئازەرگوشەن ئەسەب' یان ئاورگەی شاهی، کە زیاتر هەر بەناوەگشتییەکەی ئاورگە، واتە 'شیز' ناسراوە[133]، لە سەردەمی ساسانییەکاندا(٢٢٤-٦٥٢ ز) یەکێك بووە لە گرنگترین ئاورگەکانی هەموو ئێران و شاهانی ساسانی بەپێیان لە تیسفوونی نزیک بەغداوە هاتوونەتە زیارەتی. ئەم ئاورگەیە لە نزیك شارێکی مێژوویی دروستکراوە کە ئێمە بە ناوی 'گەنجەك' یان 'گەنزەك' ەوە دەیناسین. لە شەڕی خوسرەوی پەرویز شای ساسانی(٦٢٨ - ٥٩٠ ز.) لەگەڵ بەهرامی چۆبینەی سەرداری سوپای خۆی[134] لەساڵی ٦٢٣ دا، خوسرەو لە لایەن 'هیراکلیۆس' ئیمپراتۆری ڕۆمەوە هاوکاری کرا و سوپای یاریدەدەری بۆ نێررا. "بە گوتەی 'ئێدوین ڕایت'، [سوپای] بەهرام سەرەتا لە چیاکانی بانە

[132] . ئازەری کۆن کە لە ئێران پێی دەگوترێت "آذری باستان". لقێکی زمانە ئێرانییەکان و گەلێک وێچووی زمانی کوردی بووە و ئێستا تەنیا لە چەند گوندێکی ئازەربایجانی ئێران و ناوچەیەکی بچووک لە کۆماری ئازەربایجاندا ماوە و لە گیانەڵڵای فەوتاندایە.
[133] . لە ڕاستیدا 'شیز' ناوی ئاورگەیەکی تایبەت نییە و واتای گشتیی ئاورگەی هەیە بەڵام وەک "غلط مصطلح" بەو ئاورگەیە دەگوترێت کە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی بۆکان.
[134] . بەهرام لە ساڵی ٥٩٠ ی زایێنیدا راپەڕی و داوای پادشاهی کرد، هەرئەوەش بووە هۆکاری شەڕ و پێکدادانی لەگەڵ خوسرەو.

دامەزرا بەڵام لە ژێر گوشاری هێزی ژێر فەرمانی خوسرەودا هەتا 'گەنزەک' پاشەکشەی کرد. *"هەردو لەشکر لە دەشتی 'داناک' کە تەبەری بە 'دنق' و فیردەوسی بە 'دوک' ی نووسیوە و کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی گەنزەک پێک گەیشتن."* [135] خوسرەو، کە دوای شکستەکانی پێشووی لە سوپای بەهرام، بۆ پاراستنی خەزێنەی جەواهیراتی شاهی هاتبووە ئاورگەی شیز و لەوێ چاوەڕوانی هاتنی چەند سەردار سوپای خۆی دەکرد بە لەشکرەوە بێنە یاریدە.؛ یەک لەو سەردارانەی خوسرەوی پەرویز، ناوی ڕۆسمیزان و نازناوی "شاربەراز" بوو. هەروەها چەند کەس لە سەردارانی سوپاکەی خۆی گرت و جستنیە زیندانەوە کە یەک لەوان "زامەرد" بوو[136].

ئێستا، 'قوڕەبەراز' و 'جامەرد' دوو گوندن لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان و سەر ڕێگای بۆکان بۆ شاری 'گەنزەک' کە ئێستا بە 'تەختی سولەیمان' دەناسرێت. ڕواڵەتی ئێستای ناوی قوڕەبەراز شتێکی ئەوتۆمان پێ نادات و 'جامەرد' یش بە ڕواڵەت واتایەکی ئەمڕۆیی نییە، دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ئێرانیش لە بەڵگە فەرمییەکاندا کردوویانەتە 'جوانمرد'! بەڵام ئەگەر ناوەکان بخەینە چوارچێوەی مێژووی ناوچەکەوە دەبینین خوسرەوی پەروێز ڕوو لەدۆست وپشت لەدوژمن، لەبەر بەهرامی چۆبینەی سەرداری سوپای خۆی هەڵات وچوو لە گەنزەك دانیشت تا 'شاربەراز' بێت بە هانایەوە و لە ژێر پلاری ڕزگار بکات. لە قۆناغێکی دواتریشدا 'زامەرد'ی دەست بەسەر کرد. من پەیوەندیدانی ناوی گوندی 'قوڕەبەراز' بە ناوی 'شاربەراز' و گوندی جامەرد بە 'زامەرد' ەوە بە بۆچوونێکی ڕاست دەزانم[137]

---

[135]. ڕئیس نیا، ڕحیم، "آذربایجان در سیر تاریخ"، ج. ۱، ص. ۱۹٤

[136] . نینا پیگۆلفسکایا، "ایران و بیزانس در سدەهای ششم و هفتم میلادی" ترجمە کامبیز میربهاء، نشر ققنوس، تهران، ۱۳۹۱ [۲۰۱۲]، صص ۱۰٤ و ۱۲٦.

[137] من ئەگەری زۆر بەهێزم ئەوەیە ئەو دوو گوندەی ئێستای جامەرد و قوڕەبەراز لە سەدەی شەشەم و حەوتەمی زایێنیدا شار، یان خود شارەدێیەک، بووبێتن دەنا وێناچێت تەنیا گوندێکی چەند ماڵیی بە شانازیی ئەو کەسایەتییە مەزنانە و ئەو ڕووداوە گرنگانەوە ناونرابێتن.

ئەوانە ڕووداوی سەدەمی ساسانییەکان بوون، بەڵام ئاوەدانی ئاورگەکە لە سەردەمی ساسانیدا و پەیوەندی بە ئایینی مەزدیسناییەوە واتای ئەوەی نییە مێژووی نەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی گەلێک کۆنتر. نووسەری کتێبی 'مێژووی ژیانی ئابووری گوندنشین و چینە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران' دەڵێ: *"لەسەردەمی کۆنتردا سێ خودایی ئەهورامزدا و میهر و ئاناهیتا ئایینی خەڵك بووە و ئاگر پەرستی بەتایبەت پەیوەندی بە خودای ئاناهیتاوە بوە."* [138] بەم پێیە، ئێمە دەبێ لەژێر خۆڵەمێشی ئاورگەکاندا کە تا ئێستا هەر بەناوی زەردەشتییەکانەوە ناسراون، شوێنی شارستانیەتی کۆنتر هەڵبگرین. ئەویش لە ناوچەیەکی کۆنی وەك بۆکاندا کە دەیان شوێنەواری سەردەمی ماد و ماننای لێ شاراوەتەوە. بۆ نموونە، با سەیرێکی گوندی 'بۆگەبەسی' بکەین کە ئێستا بە کەمتر لە دە کیلۆمەتر کەوتۆتە باشووری شارەوە گەرچی وەک بەشێک لە کۆگوند (دیهستان) ی تورجان، سەر بە شاری سەقزە.

ئیبراهیم پووررداود دەڵێ: "وشەی 'بەگ' یەکەمجار لە شێوەی 'بێت بەگی' یان 'بەیت- بەگەیا' دا بینراوە، کە ناوی شارێکی ماد بووە و سارگۆنی ئاشووری لە لەشکرکێشانەکەیدا بۆ سەرخاکی ئورارتو وماننا.(٧٥٠-٧١٦ پ.ز)، یادی لێوە دەکات. بەشی یەکەمی ئەم ناوە، واتە 'بێت' یان 'بەیت' بە ئاشکرا وشەیەکی ئاشوورییە بە واتای 'ماڵ' و ئێستاش لە زمانی ئاشۆری و عەرەبی و عیبریدا هەمان واتای هەیە. ئەو بەشە، لەگەڵ 'بەگی' یان 'بەگەیا' دا، پێکەوە واتای ماڵی خودا دەدەن. ئەوەی کە سارگۆن شارەکەی بە شوێنی ماد ناوبردوە و مادەکانیش لە باشووری خاکی ماننا نیشتەجێ بوون و بۆکان بەشێك بووە لەخاکی ماننا، هاوڕێ لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کە سارگۆن دوای کاولکردنی ئەو شارە، بەرەو ڕۆژهەڵات ڕۆیشتووە و گەیشتۆتە 'ئەوکان' کە سایتقەڵای ئێستا بێت، هەموو بەسەر یەکەوە دەمانگەیەننە ئەو ئەنجامەی کە قەڵا و گوندی 'بۆگەبەسی' لەباشووری بۆکان، هەمان 'بەیت بەگی' کۆن بێت و تەپۆڵکە مێژووییەکەی ناوەڕاستی

---

[138] . غلامرضا انصافپور، "تاریخ زندگی اقتصادی روستائیان و طبقات اجتماعی ایران از دوران ما قبل تاریخی تا پایان ساسانیان"، چاپ دوم، تهران، نشر اندیشه، ١٣٥٥ [١٩٧٦].

گونديش كه تا ئەودەمەی من له كوردستان بووم شوێنی ماڵی ئاغای گوندەكەی لێبوو، ڕاستیی بۆچۆنەكەمان زیاتر دەچەسپێنێت.

گوندی 'بی بی كەند' له ڕۆژهەڵاتی بۆكان، جیا له ئەشكەوته دەستكردەكەی، كه مێژووی دەگەڕێتەوه بۆ سەردەمی ماد، هەر ناوەكەیشی مێژووییه. ناوی گوندەكه، هەرچەند لەڕواڵەتی ئێستایدا له وشەیەكی توركی دەچێت، بەڵام به ئاشكرا شوێنی ناوی 'بەك' ی پێوه دەبینرێت و لام وایه له رابوردووی كۆندا دەبێ 'بەیكەن' بووبێت كه دوای وەربوونی سەلجووقی ومەغۆلەكان به ناوچەكەدا، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتێت.

ناوی كۆنی شاری سائینقەڵاش لەڕۆژهەڵاتی باكووری بۆكان جێی سەرنجه. ناوی ئەم شاره له سەردەمی مانناكان و هێرشی سارگۆنی دووهەمدا 'ئەوكان' بووه و هەر بەم شێوەیەش له ڕۆژژمێری ئاشوورییەكاندا تۆمار كراوه. هەرچەند دۆزینەوەی پەیوەندی ئەم ناوه كارێكی هاسان نییه، بەڵام گەرای بیركردنەوەیەك دەخاته مێشكەوه و سەرنج بەرەو وشەی 'ئەوک' و 'ئەبک' و 'وەك' و 'بەك' ڕادەكێشێت، و دەبێ دوور نەبێ لەو باسەی ئێمه لەمەڕ بۆكان و بەک و بەغ.

گردی 'كولتەپه' لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی پەرەسەندنی شارەوه، كەوتۆته ناوجەرگەی شاری بۆكانەوه؛ گردی گوندی 'ناچیت' و 'حەمامیان' و 'شێخلەر' تەنیا چەند كیلۆمەترێك له شارەوه دوورن. ئەمانه و زۆر تەپۆڵكی تر له 'باخچه' و 'تیكان- تەپه' و 'ئاڵبلاغ' و 'ساریقامیش' و 'ئەحمەدئاوا' و ... مێژوویان دەگەڕێتەوه بۆهەزارەی یەكەمی پێش زایین، و زوربەیان پێش سەرهەڵدانی ئایینی زەردەشت یان سەروحەدی بڵاوبوونەوەی ئەو ئایینه ئاوەدان بوون. هەندێ گردی ترله گوندی 'كانی كووزەڵه' و 'سەراو' و 'ڕەحیم خان' و 'مەڵلالەر' و 'تەپی' و'عەزیزكەند' هەن كه مێژوویان كۆنتره و دەبێ له سەردەمێكی كۆنتریشدا ئاوەدان بووبێتن. لەبیرمان نەچێت كه زۆرێك لەو گرده مێژووییانه ئەگەر بەشێوەی زانستییانه لێیان بكۆڵرێتەوه، شوێنەواری سێ یان چوار شارسانییەتی جیاوازی یەك لەبانی

یەکیان تێدا دەدۆزرێتەوە کە ئەمە خۆی نیشانەی بەردەوام بوونی چەند هەزارساڵەی ژیان وشارسانییەتە لە ناوچەکەدا.

بەهیوای ئەوەی ئەم شێوە بۆچوونە،هەنگاوێك بێت لە تەمتوومانی مێژووی نادیار ( و هەندێک جاریش چەواشەکراو)ەوە بەرەو ڕووناکی و ڕوونکردنەوە و کاری جیددی بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی ناوچەکە . داهاتوو دەبێ زۆر خاڵی تاریکی ئەمڕۆمان بۆ ڕوون بکاتەوە.

## شەشەم، ئاکام و کۆتایی

حەوزەگەورە، ئاوی جاریی دوو جۆگەلەی لە حەوزەکە سەرچاوەگرتوو، خورێنک و فەڕ بەخشینی ئاناهیتا، خاوەنی ئاو، قەڵای عەمباری پێشکەشییەکان و سەربازخانەی پارێزگاری کردنی ئەو گەنجینەیە، مزگەوتی چوارگۆشەی کۆڵەکە دار، پلیکانی نێوان مزگەوت و قەڵا، گڵەجانێ (گۆڕستانی پیرۆز)، ئەشکەوت (یان ژووری لەبەرد تاشراو)ی سەر گۆلی مەردانبەگ، گۆلی لێلۆپەڕ و ....

ئەو ‌دیاردە فیزیکییانەی سەرەوە هاوڕێ لەگەڵ بۆچوون و هەڵسەنگاندنی شارەزایانی بواری مێژووی کۆنی ناوچەکە، دەریدەخەن کە ئەگەری زۆر هەیە ئەو تایبەتمەندییانە لەگەڵ تایبەتمەندیی پەرستگاکانی ئایینی میتڕایی و ژن- خودای ئەناهیتادا (سێ هەزارەیەک پێش ئێستا)، یەک بگرنەوە.

وشەی 'بۆکان'، لە پەیوەندێکی نزیکی خودای 'بەگە' دایە کە پێش هاتنی ئارییەکان و دەرکەوتنی ئایینی زەردەشت، خودای گەلانی ناوچەکە بووە و شارەکەش ناوی خۆی لەو وەرگرتووە.

ڕووداوە مێژووییەکانی ناوچە ئەو نزیکایەتییانە دەسەلمێنن.

کۆتایی قسە: بۆکان لەو سەردەمانەدا شوێنەوارێکی میترایی و پەرستگایەکی ژن- خودای ئاناهیتا بووە.[139]

---

[139] . بنەمای ئەم لێکۆڵینەوەیە، وتارێک بوو بەناوی *'چەند تێبینییەک لە سەر ناوی شاری بۆکان'* کە بەهاری ١٩٩٢ لە ژمارە ١٩ ی گۆڤاری 'مامۆستای کورد' چاپی ستۆکهۆڵم دا بڵاوکرایەوە، پاشان برادەرانی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان لەبیچمی نامیلکەیەکدا بڵاویان کردەوە و لە سەر ماڵپەڕەکەشیان دانا. ساڵی ١٩٩ پێداچوونەوەیەکی وتارەکەم کرد کە لە سەر هەمان ماڵپەڕ دانرا. بڕوانە بەشی 'نووسەران' لە:
http://bokan.de